Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10224

# ڕۆڵی ئاین لە ئەجندای سیاسی  وڵاتە زلهێزەکاندا1839-1914ز

**أومید خطاب وهاب، ئامانج حەسەن ئەحمەد**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

وڵاتە زلهێزەکان ، سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر کوردستاندا ، چەرکەسییەکان

***Corresponding Author***

**پوختە:**

ئاین لە پلانی وڵاتە زلهێزەکاندا وەکو بەهانەیەك  بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر کوردستاندا بەکارهاتووە، بەهۆی ئەوەی کوردستان شوێنێکی دەوڵەمەند و گرنگی سەر ڕێگای بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بووە، بەشێك لەدانیشتوانەکەی جوولەکە و مەسیحی بوون بەهەموو ئاینزاکانییەوە، هەربۆیە وڵاتە زلهێزەکان هەوڵیانداوە بەناوی پاراستن و بەرگریکردن لە مەسیحییەکان دەسەڵاتی خۆیان لەکوردستان بسەپێنن، ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی مافی مەسیحی و جوولەکەی بەپێی سیستەمی میللەت ڕێکخستبوو، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی کەم کردنەوەی فشاری زلهێزەکان، ئەمەش وایکرد کە دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵانی(1839-1876ز) بە ڕاگەیاندنی چەند بەیاننامەیەك فشارەکان لەسەرخۆی کەم بکاتەوە، بەڵام ئەوە نەبوو هۆی کەمکرنی فشارەکانی سەری بەڵکو  وڵاتە زلهێزەکان لەسەر پاراستنی مەسیحییەکان لەهێرشی کوردو چەرکەسیەکان سووربوون، لەو بارەیەوە پەیماننامەکانی سانستیڤانۆ و بەرلین، لە ماددەکانی (16،61) جەخت لەسەر پاراستنی مەسیحییەکان لەهێرشی کورد بۆسەریان کراوەتەوە، وەك بەهانەیەك بۆ داگیرکردنی کوردستان دارێژراوە بۆیە کورد لەدژی وەستاوەتەوە.

## پێشەکی

لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆئەوەی زلهێزەکان چاو لەموڵکەکانی ئەو دەوڵەتە ببڕن، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی ململانێکانیان لەسەر فراوانکردنی دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا توندتر بۆوەو هەریەکەیان بە بەهانەی پاراستنی ئاینزای فەرمی خۆیان، هەوڵیاندا فشار لەسەر دەوڵەتی عوسمانی زیاتر بکەن، لێرەوە پێشهات و پەرەسەندنەکان زۆر بوون بەتایبەتی لەدوای ئەوەی ڕوسیا لەشەڕی قرم(1853-1856ز)، لەبەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی شکستی خوارد، کە زلهێزەکان و چەند دەوڵەتێکی تری ئەورووپی پشتیوانیان دەکرد، بۆیە ئەو مافەیان بەخۆیان دابوو دەست لەکاروباری ناوخۆی ئەو دەوڵەتە وەربدەن  لەپێناوی پاراستنی مەسیحییەکان، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە تەنها بەهانەیەک بوو، لەبەر ئەوەی لەقۆناغەکانی دواتردا کاتێك بەئامانجەکانی خۆیان گەیشتن، نەك پارێزگاریان لێ نەکردن، بەڵکو بەتەیان جێیان هێشتن.

 هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە لایەکەوە بۆ گرنگی و هەستیاری ئاین دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە فاکتەرێکی بەهێزبووە بۆ جوڵاندنی سۆزی تاک، هاوکات توێژینەوەیەکی تایبەت لەسەر ئەو بابەتە لە زانکۆکاندا ئەنجام نەدراوە، جگە لەوەش زۆرترین توێژینەوەو زانیارییەکان ئاماژەیان بۆ هێرشی کورد و چەرکەس بۆسەر مەسیحییەکان کردووە و هەوڵەکانی ئەرمەنیان بۆ داگیرکردنی کوردستان بەڕەوا داناوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە کورد قوربانی سەرەکی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی و  وڵاتە زلهێزەکانیش بووە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بەدەستهێنان و وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی گرنگی تایبەت بە گرنگی و بایەخی ئاینە لەئەجنداو

سیاسەتی وڵاتە زلهێزەکاندا، لەوانە ئایا ئاین بووەتە جێگەی سەرنجی وڵاتە زلهێزەکان بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە دەست لەکاروباری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا وەربدەن؟ ئایا ئەو لایەن و دەوڵەتانە کێ بوون کە کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە؟ ئایا تاچ رادەیەك ئەو لایەنانە سودیان لە رەهەندی ئاینی وەرگرتووە بۆ دەستخستنی خواستەکانیان؟.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە پشتمان بەمیتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژووی بەستووە، توانیومانە بەپشتبەستن بە سەرچاوە جیاوازەکان زانیارییەکان بخەینەڕوو.

لەئامادەکردنی توێژینەوەکەمان چەند گرفتێك هاتە پێشمان، لەگرنگترینیان کەمی کات و سەرچاوە بەزمانی کوردی بوو، سەرباری توشبوونمان بوو بە پەتایی کرۆنا و داخستنی کتێبخانەکان بۆ ماوەیەك، کە ڕێگربوو لەگەڕانمان بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەی پێویست.

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان لە دەروازەیەك و سێ تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، بەجۆرێك لە تەوەرەی یەکەمدا باسمان لە ململانێی وڵاتە زلهێزەکان و خزانیان بۆ کوردستان کردووە، تەوەرەی دووەمی توێژینەوەکەمان تایبەتە بە سەردەمی تەنزیمات و ئەو مافانەی کە لە بەیاننامەکانی چاکسازی لەساڵانی (1839-1876ز) دەرچوون، ئەو مافانەی کە بە مەسیحییەکان دراوە، هاوکات تەوەرەی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە بۆ هەوڵەکانی وڵاتە زلهێزەکان تەرخانکراوە، کەچۆن بە بەهانەی پاراستنی مەسیحییەکان لەدەستدرێژی کورد و چەرکەسییەکان فشاریان لەدەوڵەتی عوسمانی کردووە. کۆتایی توێژینەوەکەش بەخستنەڕووی چەند ئەنجامێك کۆتایی پێهاتووە.

**دەروازە:**

بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کاروباری کارگێڕی، دەوڵەتی عوسمانی کاروباری پێکهاتە ئاینییەکانی بەپێی ڕژێمێکی کارگێڕی لەچوارچێوەیەکی نیمچە سەربەخۆدا، بەناوی سیستەمی میلەت(نظام الملة-Millet System) ڕێکخستبوو(حبیب,2002: 322) ، کە لەسەرەتای داگیرکردنی قوستەنتینەوە لەساڵی(1453ز) ڕاگەیەنرا (الجندي, 2020: 66) . بەپێی ئەم سیستەمە سنووری دەسەڵاتی ئاینی پێکهاتە ئاینییەکان، بەتایبەتی لە بواری (هاوسەرگیری، جیابوونەوە، وەسیەت، میرات) ڕێکخرابوو، بەجۆرێك ڕێبەری ئاینی هەرپێکهاتەیەك پیادەی دەسەڵاتەکانی خۆی کردووە، دواتر یاسای خێزان دەرچوو، کە بەپێی ئەو یاسایە دادگا شەرعییەکان سەرچاوەی سەرەکی یاسایی باری کەسێتی بوون(أوغلي,1999: 504)، کە هۆکارێکی باش بوو بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و مەسیحییەکان بەتایبەتی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا پێش بکەون، لەنێو مەسیحییەکاندا ئەرمەنییەکان پشکی شێریان بەرکەوت، لەبەر ئەوەی لەسەرەتادا لەگەڵ عوسمانیەکان پەیوەندیان باش بوو، دەوڵەتی عوسمانی بە(گەلی راستگۆ) ناوی بردن (عمر، 2016: 133).

لەچوارچێوەی ئەم سیستمەدا، پەتریاکی مەسیحییەکان کە سەرۆکی ئاینی و دونیای بوو(ئەحمەد،2014: 37)، دەسەڵاتی فراوانی هەبوو کەهاوتای وەزیرێکی دەوڵەت بوو، ماف و ئازادییەکی تەواوی لەڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروباری مەسحییەکاندا هەبوو، بەهۆی ئەو پشتگرییەی لێی لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە دەکرا توانی ژمارەیەك خوێندنگای ئاینی لەچەند ناوچەیەکدا دابمەزرێنێ، ئەویش بەهۆی زیاتر بوونی فشاری وڵاتە ئەوروپییەکان مافیان زیاتر دەبوو، بەجۆرێك وەکو کارگێڕییەکی سەربەخۆ وابوون لەناو دەوڵەتدا(شاهین، 1997: 26-27). لەو بارەیەوە مسیۆنێرێکی زانکۆی ئەمەریکی بەناوی(مورو بیجر-Moure Bijer)، دەڵێت" کەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بەپێی سیستمی میللەت دەسەڵاتیان هەبووە، کە تایبەت بووە بە ڕێکخستنی کاروباری ئاینی و کۆمەڵایەتی تاکەکان، موسڵمانان هەڵوێستیان بەرامبەر بەپێکهاتە ئاینییەکان باش بووەو دەسەڵاتی خۆبەڕێوبەریان پێ داون" (الشاذلي,1989: 100).

لەگەڵ لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانیدا بواری دەستێوەردانەکان و فشارەکان زیاتر بوون، بۆیە لەنیوەی دووەمی سەدەی(18ز) بەدواوە، روسیا لەسەر گۆڕەپانی ئەوروپا وەك وڵاتێکی زلهێز و گەشەسەندو دەرکەوت، کەهاوشێوەی فەرەنسا خۆی بەپارێزەری مەسیحییەکان زانی، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی کاری مسیۆنێرەکانی بریتانی و فەرەنسی لە رۆژهەڵاتدا، شوێنی بەروسیا لێژ کردبوو، لەکاتێکدا ڕوسیا خۆی بەگەورەترینوڵاتی پەیرەوکاری ئاینزای ئەرسەدۆکسی دەنا، بۆیە بەبیانووی پارێزگاریکردنی پەیرەوانی ئاینزای ئەرسەدۆکسی، دەستیکرد بە دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا، لەدوای ئەوەی لەپەیمانی کوچك کینارچی لەساڵی(1774ز) ، هەندێك دەسکەوتی لەوبارەیەوە دەستکەوت، بەتایبەتی توانی ئەوە مسۆگەر بکات کە لەشوێنە پیرۆزەکاندا دەسەڵاتی سەرەکی هەبێت و مافی پاراستی هەموو پەیرەوکارانی ئاینزای ئەرسەدۆکسی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بە روسیا بسپێردرێت(تەقوش، 2009: 456؛ حسون،1982: 82) ، لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، دەوڵەتی عوسمانی بۆ یەکەم جار بەڵێنی پاراستن و پێدانی مافی ئاینزای ئەرسەدۆکسی لەناوخۆی دەوڵەتەکەی بەڕوسیا دابوو، کە بە ئازادی پیادەی بیروباوەڕی خۆیان بکەن و دەوڵەت پارێزگاری لە کەنیسەکانیان بکات ، جگە لەو سەربەخۆیەی کە پێکهاتە ئاینییەکان لە ماف و دادگادا هەیانبوو، ئەوەش بەشێکی لەئەنجامی پەیمانێکی

نێودەوڵەتییەوە نەبوو، بەڵکو دەرئەنجامی ڕێکخستنی مافەکانیان بوو به تێپەڕبوونی چەندەها ساڵ(أوغلي,1999: 503).

## یەکەم// ململانێی وڵاتە زلهێزەکان و خزانیان بۆ کوردستان:

یەکێك لەو پرسانەی کە وڵاتە زلهێزەکان جەختیان لەسەر کردەوە، ڕەخساندنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری بوو لەنێوان موسڵمان و مەسیحییەکاندا، کە لەهەموو دەوڵەتی عوسمانی جێبەجێ نەکرا، لەبەرئەوەی پۆستە کارگێڕییەکان لەلایەن موسوڵمانەوە بەڕێوە دەبران، مەسیحییەکان بەهەموو ئاینزاکانەوە بواری گرنگی بەڕێوەبردنیان پێ نەدرابوو، بەردەوامی فشارەکان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی و سستی لەئەنجامدانی چاکسازییەکان، نەتوانینی بۆ کۆتایهێنان بەدەستێوەردانەکانی زلهێزەکان، بووە هۆی ئەوەی فەرەنسا بانگەشەی پاراستنی ئاینزای کاسۆلیك و ڕوسیا بانگەشەی پاراستنی ئاینزای ئەرسەدۆکس و بریتانیا بانگەشەی پاراستنی ئاینزای پرۆتستانت بکات(عبدالقادر، 2006: 17).

سەبارەت بەمەسیحییەکانی کوردستان، هەندێك لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، لەسەرەتادا تارادەیەك بێ گرفت و ئاسودە ژیاون، بەڵام لەکۆتایی سەدەی (18ز) و سەرەتای سەدەی (19ز)، گۆڕانکاریی بەسەر بیروبۆچوونیاندا بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی هاتووە(الجندي,2020: 115) ، لەبەر ئەوەی لە سەدەی (18ز) لەچەند ناوچەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا سەرەتای سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتانی زلهێزبوو، لەپێناو بەدەستهێنانی جیاوگی جۆربەجۆرو بەرجەستەکردنی ئامانجەکانیان، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵیاندا لەڕێگایی کونسوڵ و پێکهاتە ئاینییەکانەوە دەست لەکاروباری ناوخۆی ئەودەوڵەتە وەربدەن، لەبەر ئەوەی هەریەك لەدەوڵەتانی (بریتانیا، ڕوسیا، فەرەنسا) دەسەڵاتیان لەنێو ئاینزاکانی :(کاسۆلیك، ئەرسەدۆکس، پرۆتستانت) دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو(بلعاد, 2015: 31). بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان هەموو ڕێگایەکیان گرتە بەر بۆ نانەوەو هاندانی ئاژاوەو دووبەرەکی لەنێوان هەموو پێکهاتەکان بەگشتی و لەنێو ئەرمەن و ئاسووریی لەگەڵ کوردەکاندا بەتایبەتی کرد، لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی ئەورووپی بە بەڵێنی دامەزراندنی کیانێکی تایبەت بەخۆیان و ڕزگاربوونیان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی هانیان دەدان و بەڵێنی هاوکاری و پشتگیریان پێ دەدان، بەئامانجی ئەوەی بەهانەیەکیان بۆ دەستێوەردان و فشارەکانیان لەکاروباری ناوخۆی ئەو دەوڵەتە هەبێت، کە خۆی لەپاراستنی گیانی مەسحییەکاندا بینییەوە(مسعود, 1995: 16).

گەشەسەندنی بیرو هەستی نەتەوایەتی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لەسەدەی (18ز)دا، یەکێکی تر بوو لەو هۆکارانەی کە زەمینەی بۆ دەستێوەردانی زلهێزەکان ڕەخساند، بەجۆرێك ئاینزاکان یەکێك لەو بابەتانە بووە کاری لەسەر کراوە، لەبەر ئەوەی بەئاشکرا هەر دەوڵەتێك ویستویەتی بەبیانووی پاراستنی مافی کەمینە ئاینییەکانەوە، دەست لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا وەربدات، بۆ ئەمەش لەکوردستانی عوسمانیدا هەرسێ ئاینزای:( کاسۆلیك، ئەرسەدۆکس، پرۆتستانت) هەبووە، کە زلهێزەکان لایەنگرو دۆستی زۆریان بۆخۆیان پەیدا کردبوو، لێرەوە کێبڕکێ لەپێناوی گەیشتن بەئامانجەکانیان دروست بوو، بەئامانجی داگیرکردنی کوردستان، چەوساندنەوەی مەسیحییەکانیان کردە بیانوو.

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، ململانێکانی نێوان وڵاتە زلهێزەکان بەئامانجی گەڕانەوە بۆ ڕێگا بازرگانییەگانی کە بەنێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕۆشتن بوو، بۆیە هەریەك لە : (بریتانیا، ڕوسیا، فەرەنسا) هەوڵەکانیان بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو شوێنانەی کە ئەو ڕێگایەی پێدا دەڕوات خستە کار، بەجۆرێك لە سەدەی (18ز)ناوچەکە بووە مەیدانی ململانێی ئەو وڵاتانە، بەو هۆیەوە چەند جەنگێك بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێگایانە لەنێوانیاندا ڕوویدا ، بەتایبەتی ڕوسیا لەجەنگەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بەئامانجی گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان بوو(بيومي, 1991: 115) ، سەرەتا بۆ گەیشتن هەردوو بەندەری ئەسکەندەروونە لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست و بەندەری فاو لە ویلایەتی بەسرە لەسەر کەنداوی عەرەبی، بۆ گەیشتن بەوئامانجەش، دەبوو سەرەتا کوردستان داگیربکات، ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کەبریتانیا لەهەوڵدا بوو لەڕێگەی دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ بۆ ئەرمەنییەکان دەست بەسەر باکووری کوردستاندا بگرێت، بۆیە ڕوسیا ویستی ئاژاوەو ناکۆکی لەنێوان کورد و ئەرمەن دروست بکات، تاکو بە بەهانەی پاراستنی ئەرمەنییەکان کوردستان داگیر بکات(Atove, 2002: 45). لەبەرامبەردا، بریتانیا لەهەوڵی پەرەپێدانی ڕێگای بازرگانی هندستان بۆ دەوڵەتەکەی بوو، بەڵام لەئەنجامی هێرشەکانی ناپلیۆن بۆ سەر میسر و داگیرکردنی لەساڵی (1882ز) ، مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستبوو، بۆیە بریتانیا کاری بۆ ستراتیژییەکی بەهێز کرد، ئەویش کۆنترۆڵکردنی تەواوی ڕێگاکانی بازرگانی بەگشتی و ئەو ڕێگایانەی دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی بەدەرەوە گرێ دەدا کرد، لەئەنجامدا ڕوسیا دژایەتییەکی زۆری کرد (ڤەکۆلەران، 1991: 75). لەبەرئەوەی فراوانبوونی هەژموونی بریتانیا لەکوردستان دەبووە بەربەستێکی گەورە لەپێش گەیشتنی ڕوسیا بەئاوە گەرمەکان.

سەرەتای سەدەی(19ز)، فراوانخوازییەکی گەورە لەدەسەڵاتی بریتانییەکان لەناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕوویدا، کە بەشێك بوو لە ململانێی نێوان ڕوسیا و بریتانیا بۆ پاراستنی تەرازووی هێز لە ئەوروپا بوو، ئەویش دوای ڕوودانی ژمارەیەك جەنگ لەنێوان ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانیدا، کە بووە هۆی دروستبوونی مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا، سەرباری هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ پاراستنی یەکێتی خاکەکەی، بەڵام بەتێڕوانین بۆ گرنگی پێگەی ستراتیژیی کوردستان لەململانێی نێوان ڕوسیا و بریتانیادا، هەریەکەیان مەبەستی بوو شوێن پێی خۆی لەکوردستاندا بکاتەوە، ڕوسیا ویستی بە بەهانەی پشگیری لە ئەرمەنییەکان بێبە کوردستان، لەکاتێکدا بریتانییەکان بانگەشەی پاراستنی پێکهاتە ئاینییەکانیان بەتایبەتی مەسیحییەکانیان کرد(علي, 2011: 55).

بریتانیا چالاکییەکانی لەکوردستاندا دەست پێکرد، لەساڵی(1836ز)، هەستا بەناردنی چەند ئەفسەر و سیخوڕێك لەوانە :(ئۆڵسن-Olsun، مێجەر ف.میللینگن- Major Milgen) سەردانی زۆرێك لەناوچە جیاوازەکانی کوردستانیان کرد، هەندێك پارچە شوێنەواریان کۆکردەوەو دواتر ڕاپۆرتیان بۆ سەرووی خۆیان نارد، سەرباری ئەوەش زۆرێك لە گەشتیارانی بریتانی کە سەردانی دەوڵەتانی قاجاری و عوسمانیان کردووە، لەچوارچێوەی گەشتەکانیان سەریان لەکوردستان داوە، سەرنج و تێبینی خۆیان لەسەر لایەنە جیاجیاکانی کوردستان نوسیوە، ئەم بایەخ پێدانەی بریتانیەکان لەسەدەی (20ز) پەرەی سەند، لەئەنجامی دۆزینەوەی نەوت، هەربۆیە بایەخی زۆریان بەدۆڵی میسۆپۆتامیا دەداو هەوڵیاندا ویلایەتی موسڵ بکەنە بنکەیەکی گرنگی بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتیان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا(ئەحمەد، 1975: 14-15). بۆ ئەو مەبەستەش بەفەرمانی کونسوڵی بریتانی لەئەستەمبوڵ بەناوی (فرانسیس ڕۆدۆن جێسنی- Francis Rawdon Chesney) بەمەبەستی دۆزینەوەو پێکەوە بەستنی ڕێگای هندستان لەگەڵ ئاسیای بچووك و کەنداوی عەرەبی،گەشتێکی بۆ (میسر، ئاسیای بچووك) دۆڵی ڕووباری فورات ئەنجامدا، بریتانیا بۆ تەواو کردنی ئەو کارە هەوڵەکانی خۆی خستە کارو دوو دەستەی تری نارد(خالفین، 1971: 50).

جێگەی باسە، ئامانجی سیاسی لەپشت زۆرینەی گەشتەکانیانەوە بوو، لەوچوارچێوەیەدا سەردانی ئەو گوندانەیان کردبوو، کەجوتیارە مەسیحییەکان لەژێردەسەڵاتی میرەکانی کوردا بوون، جوتیارەکان داوای ئەوەیان کردبوو کە لە زوڵم و ستەمی میرە کوردەکان بیان پارێزن، ئەوەش لەلایەن گەڕیدەو مسیۆنێرەکانەوە بەچڕی کاری لەسەر کرا و بەیەکێك لەهۆکارەکانی دروستبوونی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان کورد و مەسیحییەکان دانرا(السعدي, 1999: 57).

بۆ دەستگرتن بەسەر کوردستاندا، هەریەك لە: (بریتانیا، ڕوسیا) سیاسەتێکی هاوشێوەیان گرتە بەر، ئەوەش پشگیری پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانیان لەدژی کورد کرد، کە ڕۆڵێکی سەرەکیان لە گەشەکردن و هاندانی هەستی نەتەوایەتی پێکهاتەکانی نێو کوردستان بینی، پشتگیریی و هانیان دان بۆ نانەوەی ئاژاوەو کاریان بۆ زیاتر پیشاندان و خستنەڕووی کەموکورتییەکانی دەوڵەتی و عوسمانی و چەوساندنەوەی مەسیحییەکان بەجیهانی دەرەوە کرد(الجندي, 2020: 117).

هاتنی زلهێزەکان بۆ کوردستان، لەژێر کاریگەریی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیاندا بوو، دوای گەیشتنی ڕوسییەکان بۆ کوردستان ژمارەیەك لەئەرمەنییەکان بوونە چاوساغ و پشتیوانیان، لەبەر ئەوەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان درکیان بەوە کردبوو بەبێ هاوکاری و یارمەتی وڵاتە زلهێزەکان بە ئامانجەکانیان ناگەن، لەکاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە کورد بوون، (توفیق، 1975: 45) ، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی زۆر بەتوندی دژیان وەستایەوەو تەواوی هەوڵی خۆی خستە کار بۆ ئەوەی خەباتی ڕزگاریخوازیی پێکهاتەکانی ژێر دەسەڵاتی سەرکەوتوو نەبێت(جوەید، 2008: 183-184).

جگە لەوەی باسکرا، وڵاتە زلهێزەکان ویستیان لەڕێگای ئاینەوە دەست بەسەر کوردستاندا بگرن، بۆیە پێکهاتە نەتەوەیی ئاینییەکانیلن کردە کەرەستەیەکی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، لەبەر ئەوەی ئەوکات لەکوردستاندا هەستی نەتەوەیی بە بەراورد بە هەستی ئاینی هێشتا نوێ بوو ڕەگی دانەکوتابوو(جەلیل،1987:310). لێرەوە ئاین ڕۆڵێکی کاریگەریی لە بانگەشە و هاندانی پێکهاتە ئاینییەکان بۆ نانەوەی ئاژاوەو وەستانەوەیان لەدژی دەوڵەتی عوسمانی بینی، هاوکات کاریان لەسەر بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتی لەلای پێکهاتەکانی ئاسووریی و ئەرمەن کرد، فشاریان لە دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی پەیوەندیدار بەپێکهاتە ئاینییەکانەوە کرد(الجندي, 2020: 56-57).

جێگەی باسە، بەهۆی دەستوەردانەکانی وڵاتە زلهێزەکانەوە، سیستەمی میللەت تاکو کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام نەبوو (عمر، 2016: 133) ، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی لەسەدەی (19ز) ژمارەیەك چاکسازی ئەنجامدا، لەلایەك بۆ ئەوەی دەوڵەت هەرەس نەهێنێت، لەلایەکی ترەوە بتوانێت ڕێگری لەدەستێوەردانەکانیان بکات و فشارەکانی سەری کەمتر بکاتەوە(الجندي, 2020: 119). بۆیە باشترین کار ئەوەبوو کە لەناوەندگەرایی دەسەڵاتی ڕەهای سوڵتان دووربکەونەوە، هەمموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان مافی خۆیان بەبێ جیاوازی ڕوخسار و ڕەگەز و ئاین بدرێتێ (یاغي,1998: 151-

152). بەڵام لاوازی دەوڵەتی عوسمانی بواری ڕەخساند بۆ بەردەوام بوونی فشارەکان لەسەری بەجۆرێك وەکو دیلی دەستی ئەو وڵاتە زلهێزانەی لێهاتبوو(مانتران،1993: 125).

دەکرێت تەنزیمات بەئامانجی بەهێزکردن و سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت لەناوخۆ و بێبەشکردنی وڵاتە زلهێزەکان بۆئەوەی نەتوانن مەسیحییەکان لەبەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێن بووبێت (جبارە،2015: 205) لەکاتێکدا فشارەکان بەبیانووی پێدانی مافە بەپێکهاتە ئاینییەکان بەردەوام بوو، بۆ ئەوەی بتوانن لەبوارەکانی: (ئابووریی، سیاسی، تەبشیری) بێنە ناوەوە، پێشنیاری ڕژێمی بەڕێوەبردنی کارگێڕی وڵاتە ئەوروپییەکانیان لەدەوڵەتی عوسمانی کرد(-AGOSTON MASTERS, 2009: 553-554).

بەدیدو بۆچوونی ئێمە ئەنجامدانی چاکسازییەکان هەنگاوێکی باش و بوێرانە بوو، ئەگەرچی بۆماوەیەك دەوڵەتی عوسمانی توانی فشار لەسەرخۆی کەم بکاتەوە بەڵام سەرەتاییەکی نوێ بوو بۆ هاتنەناوەوەی وڵاتە زلهێزەکان و هاندانی ئاسووریی و ئەرمەن بەتایبەتی بۆ جیابوونەوە لەو دەوڵەتە، کە ئەمەش مایەی قبوڵکردن نەبوو لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، بۆیە بەتێپەڕبوونی کات دەستێوەردانی زلهێزەکان زیاتر و داواکاریی مەسیحییەکان بەگشتی زۆرتر دەبوون، ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی بەڕوکەش هەوڵیداوە بەشێوەیەك خۆی دەربخات کەلەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام پابەند بوون بە ئایەتی (يا أيها الناس انا خلقناكم من ذكر إنثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا, ان أكرمكم عند الله اتقاكم)( سورة الحجرات الاية: 13).مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە ئاینییەکاندا بکات، بەڵام بەتێڕوانینمان بۆ سیاسەت ڕەفتارەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کەئەم دەوڵەتە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی تەندروست و دوور لەدەمارگیری ئاینی و نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکاندا بکات.

## دووەم// کاریگەریی تەنزیمات لەسەر ژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان:

زنجیرەیەك چاکسازی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بە دوو قۆناغ، ڕاگەیەندرا، یەکەمیان لەساڵی(1839ز) بە تەنزیمات ناسرا، بەئامانجی دووبارە ڕێکخستنەوەی کارگێڕی و دارایی و دادگا و فێرکردن، هەرچی دووەمیانە لەساڵی(1876ز) دەستی پێکرد و بە مەشروتیە ناسرا، بەئامانجی دیاریکردنی چیاووگ و دەسەڵاتەکانی سوڵتان بەپێی دەستوور(العزاوي, 2017: 53). سەبارەت بەیەکەمیان، لەکۆتایی سەردەمی سوڵتان (مەحمودی دووەم 1808-1839ز) دەستی پێکرد و لەسەردەمی سوڵتان (عەبدولمەجیدی دووەم -1839-1861ز) (Othman 1989: 45) ، دوو مەرسوومی سوڵتانی دەربارەی چاکسازی دەرکرد، یەکەمیان لەساڵی(1839/11/3ز) بەناوی (خەتی شەریف گوڵخانە)ناسرا، کەژمارەیەك چاکسازی گرنگی لەخۆ گرت، بەتایبەتی لەو بڕیارانە پەیوەندیی بەچارەسەرکردنی بارودۆخی پێکهاتە ئاینییەکانەوە هەبوو(الصلابي،2007: 497) ، کە لەمێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا وەرچەرخانێکی گەورە بوو، لەبەر ئەوەی خاڵی دەستپێکردنی بەرنامەیەکی فراوانی چاکسازی بوو، کە بووە هۆی گۆڕینی سیمای دامەزراوەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەدا (دۆمۆن، 2008 : 11).

لەگرنگترین بەندەکانی" لەسێ خاڵی سەرەکی کورت دەبوونەوە، ئەوانیش: یەکەمیان: پیادەکردنی بنەمای یەکسانی بەئامانجی پاراستنی ژیان کەرامەت و موڵکایەتی ڕەعیەتەکان، دووەمیان: دانانی ڕێ و شوێنێکی ڕاست و دادپەروەرانە بۆ دابەشکردن و کۆکردنەوەی باجەکان، سێیەمیان: دیاری کردنی ماوەی سەربازی کردن، سەرباری ئەوەی پێکهاتە ئاینییەکان بۆ ئەوەی سەربازی نەکەن، باجێکی نوێیان بەناوی (لەجیاتی سەربازیکردن) دەدا (جەلیل، 1987: 60).

جێگەی باسە وڵاتە زلهێزەکان چاکسازییەکانی خەتی شەریف گوڵخانەیان بە دەسپێکێکی باش بۆ باشتر کردنی ژیانی پێکهاتە ئاینییەکان دانا، لەبەر ئەوەی بۆیەکەم جار بەشێوەیەکی فەرمی باس لە بنەمای یەکسانی لەنێوان هەموو ڕەعیەتەکان لەبەرامبەر یاسا کرا، هەرچەندە سوودی باشی بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، بەو هۆیەوە وڵاتە زلهێزەکان پشتی دەوڵەتی عوسمانیان لەدژی فراوانخوازییەکانی(محەمەد عەلی) گرت، بەو هۆیەوە توانیان لەسوریا دەریبکەن(جبارە، 2015: 205).

هەرچەند دەوڵەتی عوسمانی بە مەبەستی هێنانە کایەی یەکسانی لەنێوان موسڵمانان و ناموسڵماناندا هەمواری یاساکانی کرد، بەڵام ئەمە کۆتایی بەفشارەکانی سەری نەهێنا(الجندي, 2020: 120) . بەو هۆیەشەوە، ، بەهۆی پشتگیریی و دەستێوەردانی وڵاتە زلهێزەکان بە بەهانەی پاراستنی مەسیحییەکانەوە بەردەوام بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، بووە هۆی ئەوەی هەندێك چاکسازی بکرێت(تەقوش، 2009: 445).

ئەنجامدانی چاکسازی سەرباری لایەنە ئەرێنییەکانی چەند لێکەوتەیەکی نەرێنی هەبوو، لەوانە پێکهاتە ئاینییەکان ئەو باوەڕەیان لادروست بوو، لەپێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیان وڵاتە زلهێزەکان هاوکاریا دەکەن، بۆیە لێرەوە پەیوەندیی پتەویان بەیەکەوە بەست، بەتەواوی دەرگایان لەپێش دەستێوەردانەکانیان کردەوە (الجندي, 2020: 116). بەتایبەتی لەڕێگای باڵوێزو کونسوڵەکانیانەوە هەوڵی خۆیان بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتی ئەو ستەم و جیاوازییەی بەرامبەر بە پێکهاتە ئاینییەکان کرا خستە کار(فرحان، 2009: 31).

ستەمی دەوڵەتی عوسمانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی ئاینییەکانی بەبێ جیاوازی گرتەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرا وڵاتە زلهێزەکان زیاتر پشتیوانی (ئاسووریی، ئەرمەن) بوون، لەبەر ئەوەی کاریگەریی ئاین و هەوڵی جوداخوازیان لێکی نزیککردنەوە، لەکاتێکدا لەنێو دەوڵەتی عوسمانی پێکهاتەی کوردە ئێزدییەکان بە بەراورد بەوان ستەمی زیاتریان لێکرا، کەچی وڵاتە زلهێزەکان بێ دەنگیان لەبەرامبەر ئەو ستەمانە هەڵبژارد، ئەمەش کاتێك بەتەواوی دەرکەوت، کە لە (1847/12/26ز) لەسەر داخوازی باڵیۆزی بریتانیا، داوا لەکونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە دیاربەکر کرد، سەرلەنوێ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی شۆڕشەکەی بەدرخان پاشاوە ئاوارە بوون بکات، ئایا گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان یان نا؟، دواتر بارودۆخیان بە دەوڵەتی عوسمانی ڕابگەیەنرێت، ئەوە بوو لە (1848/2/22ز)، قائیمقامی دیاربەکر وەڵامی دایەوە، کە ئاسووریی و کلدانییەکان هەموو بۆ شوێنی خۆ گەڕاونەتەوەیان ، بەڵام کوردە ئێزدییەکان بەشێکیان خۆیان و بوونەتە موسڵمان و بەشێکی تریان نەگەڕاونەتەوە" (هاکان، 2012: 263).

لەنێو وڵاتە زلهێزەکاندا ڕوسیا توانی دەست بەسەر زۆربەی شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحییەکان لەئەستەمبوڵ و قودسدا بگرێت، لەبەرامبەردا فەڕەنسا نارەزای دەربری، لەساڵی (1851ز) داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی بۆ چاوخشاندنەوە بە شوێنە پیرۆزەکاندا کرد، بەڵام ئەو داواکارییە لەلایەن ڕوسیاوە ڕەتکرایەوە، ئەوە بوو یاداشتنامەیەکی پێشکەشی دەوڵەتی عوسمانی کرد و تیایدا داوایکرد پێویستە دان بەسەرپەرشتی کردنی ڕوسیا بەسەر هەموو شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحییەکانی سەرئاینزای ئەرسەدۆکسی لەوڵاتەکەیدا بنێت، بەڵام داواکەی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە ڕەتکرایەوە، لەبەرامبەردا، ڕوسیا لەژێر فەرماندەی (برنس-Brins) جوڵەی بەسوپا کردو چەند ناوچەیەکی داگیرکرد، ئەمەش بەواتایی ئەوەی مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا دروستبوو، فەڕەنساش(ناپلیۆنی سێیەم-Napoleon III) هاوڕای بریتانیا بوو لەوەی کەنابێت بهێڵن ئەستەمبوڵ بکەوێتە ژێر دەستی ڕوسیاوە، بەو هۆیەوە بۆ پاراستی ئەستەمبوڵ کەشتیەکانیان بۆ گەرووی دەردەنێل نارد، ڕوسیاش نارەزای دژی ئەو کارە دەربڕی(أرسلان، 2001: 294).

فەڕەنسا داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد، لیژنەیەك بۆ چاوخشاندنەوە بە مافی هەرپێکهاتەیەکی ئاینی پێك بهێنێت، بەتایبەتی ئەو پێکهاتە ئاینیانەی مافی لەپێشینەیان هەیە و خاوەنی دێر و کەنیسەی تایبەت بەخۆیانن، ئەوە بوو لیژنە پێکهات و بڕیاری لیژنەکە لەبەرژەوەندیی ئاینزای کاسۆلیك بوو، کە فەڕەنسا پشتی دەگرتن، بەم هۆیە ڕوسیا بڕیارەکەی ڕەتکردەوەو هەڕەشەی دەستپێکردنی جەنگی کرد، بۆیە هەریەك لە بریتانیا و فەڕەنسا، چوونە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی قرم (1853-1856ز) لەدژی ڕوسیا وەستان، لەئەنجامدا ڕوسیا شکستی خوارد، دەوڵەتی عوسمانی مەرسوومی دووەمی لە (1856/2/18ز) دەرکرد، کەناسراوە بە(التنظيمات الخيرية) یان(خەتی هۆمایۆن) کە ناوەڕۆکەکەی جەخت کردنەوە بوو لەسەر مەرسوومی یەکەم (خەتی شەریف گوڵخانە) تەنها جیاوازیەکەی ئەوەبوو کە دەوڵەتی عوسمانی توانی هاوکاری وڵاتانی ئەوروپا دژی هێرشەکانی ڕوسیا بەدەست بهێنێ (عبدالقادر، 2006: 16).

دوای ئەوەی ڕوسیا لەجەنگی قرم شکستی خوارد، قەیسەری ڕوسی (نیکۆلای یەکەم-Nikolla I) کۆچی دوای کرد، (ئەسکەندەری دووەم-Alexander II) دەسەڵاتی وەرگرت، کە تاڕادەیەکی زۆر ئارەزووی کۆتایی هێنانی جەنگ و بەرقەرارکردنی ئاشتی هەبوو، هەر ئەمەش وایکرد کە بە پەیمانی پاریس(1856/3/30ز) قایل بێت، بەپێی ئەم پەیمانە، سوڵتانی عوسمانی بەڵێنیدا لە ئەنجامدانی چاکسازییەکان بەردەوام بێت و کار بۆ باشترکردنی بارودۆخ و ژیانی مەسیحییەکان بکات (الهريدي,2009: 175-176)، جگەلەوەش پابەندبوونی خۆی بەیەکسانی لەنێوان موسڵمان و مەسیحییەکان ڕاگەیاند، هاوکات پەیمانی پاریس جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت چەمک و زاراوەی نەشیاو کە دەبێتە هۆی نیگەرانبوونی مەسیحییەکان بەکاربهێنرێت، بەتایبەتی ناوبردنیان بە (گاور) قەدەغە کرا(أوزتونا، 2010: 55-56)، بەڵام لەکوردستانی عوسمانیدا، تەنها لەفەرمانگەو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا قەدەغە بوو، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بە (گاور، فەلە، دیان، بێ دین،هتد...) ناوبران(أوغلي,1999: 503).

سوڵتان (عەبدولمەجیدی دووەم)ویستی ئەو ماددانەی کە لە بەیاننامە چاکسازییەکانی خەتی شەریف گوڵخانەو هۆمایۆن هاتبوون جێبەجێی بکات، ئەمەش هۆکارێکی باش بوو بۆ ئەوەی سوڵتان پێگە و دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکات، لەکاتێکدا وڵاتە زلهێزەکان ئامانجی سەرەکیان دابەشکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان خۆیاندا بوو، کەواتە سوڵتانی عوسمانی لەنێوان دوو فشاردا بوو، یەکەمیان بەکارهێنانی هێز بۆ سەپاندنی هەیبەتی خۆی بوو، بەمەش مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی دروست دەبوو، هەرچی دووەمیانە، بەکارهێنانی سیاسەتێکی نەرم لەبەرامبەر پێکهاتە ئاینییەکان بوو، بەڵام دیسانەوە ئەگەری ئەوە هەبوو پێکهاتەکان ئەم سیاسەتە بەنیشانەی لاوازی و بێدەسەڵاتی سوڵتانی لەقەڵەم بدەن و هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی بخەنە کار و ئاژاوە بنەنەوە, لەو ساتانەدا سوڵتانی عوسمانی کاتێکی سەختی بەڕێ دەکرد،

بەهۆی خراپی باردۆخی ناوخۆی و بەردەوامەکانی فشارەکان لەسەری (SiMSir,VOII,1989:17).

جێبەجێنەکردنی چاکسازییەکان وەك ئەوەی ئاسووریی و ئەرمەنییەکان ویستان، هۆکاری سەرەکی بۆ بەردەوام بوونی سکاڵاو دەستێوەردانی زلهێزەکان بەبیانووی هێنانەدی یەکسانی لەنێوان موسڵمان و مەسیحییەکاندا بوو ، سەرباری چارەسەرکردنی سیستەمی دادوەری لە کوردستان، کە دەبوو لەهەموو گوندێکدا ئەنجومەنێکی ریش سپیان هەبێت، لە لایەن موختاری گوندەوە سەرپەرشتی بکرێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان ئەندامانی گوندەکان، هەروەها پێویست بوو دادوەرەکان لەلایەن وەزیری دادەوە بەئاگاداری لەلایەن والییەوە پێشنیار بکرێن بۆ ئەوەی دادوەری مەسیحی لەو ناوچانەدا دابمەزرێن کەزۆربەی دانیشتوانەکەی مەسیحی بوون(الصافي,2015: 83). بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەش تەواوی هەوڵەکانی خۆیان خستەکار، بۆ نموونە( مارشیمۆن) لەگەڵ ئەوەی نەستووریی بوو، لەکۆبوونەوەو چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرەنسییەکاندا هەڵوێستێکی نزیك لە ئاینزای کاسۆلیك و لەگەڵ بریتانی و ئەمریکییەکاندا هەڵوێستێکی نزیك لەئاینزای پرۆتستانتی پیشاندا داوە، ئەوە بوو پەیوەندی نێوان مارشیمۆن و بریتانییەکان گەیشتە ئاستێکی زۆر چڕو نامەگۆڕینەوەیەکی جۆراوجۆر، لەبەر ئەوەی (مارشیمۆن) باڵادەستی بریتانییەکانی لەبەرچاو بووەو هەوڵیداوە زیاتر خۆیی لێیان نزیك بکاتەوە، دەوڵەتی عوسمانیش لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو پەیوەندیانە بوو، لەهەمانکاتدا پێیانوابوو بوونی پەیوەندییەکی لەو شێوەیە، سەقامگیریی و ئاسایشی ناوچەکە دەشوێنێ، هەوڵیدەدا چارەسەرێکی شیاو بۆ ئەوە بدۆزێتەوە، بەبێ ئەوەی وڵاتانی ئەوروپی بیکەنە بیانویەك بۆ دەستێوەردان، بۆیە والی موسڵ لەو بارەیەوەو پێشنیار کرد "بەڕێوەبردنی ئەو دەڤەرە(هەکاری) لەلایەن ئەرزەڕوومەوە کارێکی سەختە، باشترە هەکاری لەڕێی ئامێدیەوە بخرێتە سەر موسڵ" (هاکان، 2012: 171). ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی دەوڵەت زیاتر کۆنترۆڵی خۆی بسەپێنێت و رێگا لەنانەوەی هەر ئاژاوەو ناکۆکییەك کە بەهۆی نزیکبوونەوەی ئاسوورییەکان و زلهێزەکانەوە دروست بێت، بگرێت.

خراپی مامەڵەی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی و هەندێک لە هۆزە کوردەکان بەرامبەر پێکهاتەکان، یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە وایان لە ئاسوورییەکان کرد کە لەساڵی(1868ز)دا سکاڵا لەکونسوڵخانەکانی بریتانیا و فەرەنساو روسیا لدژی هۆزە کوردییەکان تۆمار بکەن، بەمەبەستی فشارخستنە سەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ باشترکردنی مامەڵەی تورك و کورد بەرامبەریان، بەڵام بریتانییەکان ئەو داواکارییەیان بەمەترسی بۆ داهاتووی بەرژەوەندییەکانیان لەکوردستان زانی، ئەوە بوو کونسوڵی بریتانیا لە ئەرزەڕووم بەناوی (تایلور-J.G.Taylor) لەساڵانی (1868-1871ز) ژمارەیەك نامەی دەربارەی ئەو هۆکارانەی کەوای لەئاسوورییەکان کردووە کە هانا بۆ ڕوسیا بەرن، ئاراستەی حکومەتەکەی کرد، کە بۆ خراپی مامەڵەی کاربەدەستانی تورك و سەرۆك هۆزە کوردییەکان گەڕاندبوویەوە، داواکاربوو فشار لەدەوڵەتی عوسمانی بکات لەپێناوی پاراستنی ئاسوورییەکاندا(فرحان، 2009: 31-32).

بەهۆی بەردەوامی فشارەکان و هەوڵی بەردەوامی سوڵتانەکان بۆ دەربازکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەهەرەستهێنان، چاکسازییەکان درێژەیان هەبوو، ئەوەبوو لەسەردەمی سوڵتان عبدولعەزیزدا (1861-1878ز) یاسایەکی نوێ بەناوی **(هێڵی چاکسازی و رێکخستنی نوێ-خط لاصلاحات والتنظیمات الجديدة)** دەرچوو، کە جەختی لەناوەڕۆکی هەردوو مەسوومەکەی پێشووتر کردەوە، ئەم یاسایە تایبەت بە بەمافە مەدەنیەکانی هاوڵاتیان بوو، دواتریش لەسەردەمی سوڵتان عبدولحەمیدی دووەم (1876-1908ز) رێنمای بۆ دەرکرا(الويبة,205: 38) ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی لە بەیاننامە و یاساکانی چاکسازییەکاندا دەوڵەتی عوسمانی پابەندی خۆی بەبنەماي یەکسانی لەبەرامبەر هەموو هەوڵاتیەکانی بەبێ جیاوازی ئاین و رەگەزو رووخسار دوپاتکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لەپێکهاتەکان بەتایبەتی ئەرمەنییەکان زیاتر مەیلیان بەلای ڕوسیادا هەبوو(جبر, 2010: 122).

ئێمە پێمان وایە کە لەگەڵ ئەوەی بەیاننامەکانی چاکسازی ماف و دەسکەوتی باشی بۆ پێکهاتەکان تێدا بوو، بەڵام وەك خۆی جێبەجێ نەکرا، بەتایبەتی بەرامبەر گوندنشینەکان، کە لەژێر سێبەری سەرۆك هۆزەکان بوون و لەپێناوی پاراستنیان باجیان پێیان دەدا، وڵاتە زلهێزەکانیش بەپلەی یەکەم ئامانجی سەرەکی و شاراوەیان داگیرکردنی کوردستان بوو، دەنا ئەنجامدانی چاکسازی و پێدانی گرنگی بە مافی پێکهاتە ئاینییەکان تەنها بیانوو بوو.

سەرباری بەڵێنەکانی چاکسازی و باشترکردنی ژیانی پێکهاتەکان، بەڵام کاریگەریی ئەم چاکسازیانە لە کوردستان لاواز بوو، بەجۆرێك بەشێك لە هاوڵاتیان هەستیان پێنەکرد، ئەوەش کاریگەریی لەسەر زیادکردنی فشارەکان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، لەبەر ئەوەی وڵاتانی ئەوروپی چاودێری جێبەجێکردنی چاکسازییەکانیان کرد، سەرباری ئەوەی هەوڵیان دەدا سەرنجی ئاسووریی و ئەرمەنی بۆ لای خۆیان رابکێشن، لەوانە ڕوسیا بەئامانجی سەرنج ڕاکێشانی ئەرمەنییەکان، لەساڵی (1868ز) بەڵێنیدابوو قارس بکاتە شوێنێکی سەربازی و ناوەندێکی بازرگانی لە باتۆم بکاتەوەو پارێزگاریان لێ بکات(لكهارت، 2017: 361).

پرۆسەی تەنزیماتی دەوڵەتی عوسمانی تاکو ڕاگەیاندنی دەستوور لەساڵی (1876ز) بەردەوام بوو، کەهاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی بولگاری و سربییەکانی بەلقان، کە لەلایەن ڕوسیاوە پشگیری یارمەتی سەربازی کران، سوپای عوسمانی هێرشی کردە سەریان و سەرکوتی کردن، ئەمەش نارەزای دەوڵەتانی ئەوروپی بەتایبەتی ڕوسیای لێکەوتەوەو لێرەوە قۆناغێکی نوێ لەدەستێوەردانی زلهێزەکان لەکاروباری نێوخۆی دەوڵەتی عوسمانی دەستپێکرد(RAMSAUR,1970: 9).

سەرباری کەم و کوڕییەکانی سەردەمی تەنزیمات، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی خۆی بۆ باشتر کردنی ژیانی پێکهاتەکان هەبوو ، چونکە بەهۆی ئەو چاکسازیانەوە پێکهاتە ئاینیەکانی کوردستان لەدوای نەمانی دەسەلاتی میرنشینە کوردییەکانەوە لەنیوەی یەکەمی سەدەی (19ز) بەدواوە توانیان تاڕادەیەك پیادەی مافە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن(تومي,2016: 56) ، جگە لەوەی بە یاسا پەیوەندی نێوان ئاینزاکانی مەسیحی بەپەترایاکەکانەوە ڕێکخرا، هەروەها توانیان چەند خوێندنگایەکیان لەچەند شوێنێکی جیاوازی کوردستاندا کردەوەوتوانیان بەتەواوی کۆنترۆڵی بازرگانیان بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکاندا کرد(بلعيالي,2019: 47). سەرباری هەوڵدان بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنەوەی سوپا بە یەکێك لە ئەنجامەکانی چاکسازییەکان دادەنرێت، لەبەر ئەوەی لەساڵی(1869ز) بە یاسا خزمەتی سەربازی بۆ سێ جۆر دابەش کرد، ئەوانیش (یەکەمیان: خزمەتی گشتی کەماوەکەی(4) ساڵ بوو، دووەمیان: یەدەگ ماوەکەی (6) ساڵ بوو، سێیەم بریتی بوو لە پاسەوان)، پێکهاتە ئاینییەکان بۆیان هەبوو لەجیاتی خزمەتی سەربازی بڕێك دراو بدەن(مانتران،1993: 98). یەکێکی تر لەکاریگەرییەکان گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی گەلانی بەلقان و هەوڵەکانیان بۆ ڕزگار بوون لەژێر دەسەلاتی عوسمانییەکان بوو، کەدواتر بۆئەوەی پێکهاتەکانی کوردستان هەمان داخوازیی نەکەن، دەوڵەتی عوسمانی پشتگیریی کوردی دژی مەسیحییەکان کرد، کە ئەنجامەکەی بەلاوازبوونی هەردولایان کۆتاییهات و براوەی یەکەم دەوڵەتی عوسمانی بوو(بیشکجی، 2001: 124).

سەرباری ئەوەی هەنگاوی چاکسازی بەئاراستەی نوێگەریی و باشترکردنی ژیانی پێکهاتەکان نرا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە بێئومێدی گەورەی لەلای مەسیحییەکان دروستکرد، لەبەر ئەوەی جگە لە کەمینەیەکی نیشتەجێی ناوەندی سنجق و قەزاکان کەتوانیان پلەو پایەو چالاکی ئابووریی خۆیان پەرەپێ بدەن، دەنا بۆ ئەوانەی کە گوندەکان نیشتەجێ بوون، تەنها گۆڕانکارییەکی لاوەکی بوو (GAUNT, 2008: 38)، بۆیە هەڵوێستی بەشێك لە مەسیحییەکان دژی تەنزیمات بوو، بەئاشکرا بانگەشەی ئەوەیان کرد کە یەکسانی لەنێوان موسڵمان و مەسیحییەکاندا نەهێناوەتە دی (AGOSTON – MASTERS,2008: 554). یەکێکی تر لەخاڵە نەرێنییەکانی تەنزیمات بریتی بوو لەنزیکبوونەوەو پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکان و وڵاتە زلهێزەکان، لەوانە هۆزی تەیاری وەك گەورەترین هۆزی ئاسوورییەکان، لەدوای تەنزیمات نزیکبوونەوەیان لەوڵاتە زلهێزەکان بەهەل زانی و باجیان بەمیرە کوردەکان نەداو یاخی بوون ، هەروەها بووە هۆی ئەوەی پێکهاتە ئاینییەکان لەپەنای وڵاتە زلهێزەکاندا دەست بە بانگەشەی ئاینی بکەن، ئەوەش ڕۆڵی سەرەکی لە تێکچوونی پەیوەندیان لەگەڵ کوردەکان هەبوو(هاكان، 2012: 170).

دەکرێت بڵێین ئەو هیوایەی کە پێکهاتەکان بەموسڵمان و مەسیحییەوە لەسەر بەیاننامەی چاکسازییەکان هەڵیان چنیبوو، وەکو ئەوەی ویستیان نەهاتە دی، بەڵکو ئەنجامەکەی لەچەند شوێنێك پێچەوانە دەرچوو، ناکۆکییەکانی لەکوردستاندا قوڵتر کردەوە، لەوانە لەسوریا لەساڵی (1860ز) پێکدادان لەنێوان پێکهاتەکاندا ڕوویدا، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی فەڕنسا بیەوێت سوریا داگیر بکات و بانگەشەی پێدانی بارێکی تایبەت بەپێکهاتە ئاینییەکانی بکات(لوريمر، د.ت: 1984). کەواتە یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی چاوتێبڕینی وڵاتە زلهێزەکان، ڕاگەیاندنی بەیاننامەکانی چاکسازی بوو، کە بەهۆکارێك بۆهاتنە ناوەوەی زلهێزەکان و بووە هۆی زیاد بوونی نارەزایەتیەکان دژی دەوڵەتی عوسمانی دانرا، بووە هۆی پێکداهەڵپژانی کورد و ئەرمەن، لەئەنجامدا لە ساڵی (1873ز) بەشێك لە پێکهاتەکانی کوردستان بەتایبەتی کوردو ئەرمەن بۆ ناوچەکانی دوور لە ناکۆکییەکان کۆچیان کرد(جەلیل، 1978: 39)، لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی چاکسازییەکان تەنها نمایشێك بوو لەپێش چاوی زلهێزەکان، هەرچی بنەمای یەکسانیە، زیاتر چەمکێکی ڕۆژئاوای و عەلمانی بوو، پێش دەرچوونی یاسای ڕەعییەت بەکار هات، لەبەرامبەردا نارەزایەتیەکی توند لەنێو زۆربەی چین و توێژەکان بەگشتی و چینی زانایان بەتایبەتی دژی تەنزیمات پەیدا بوو(حسون، 1994: 178).

مەسیحییەکان بەسازشی دەوڵەتی عوسمانی لەبەرامبەر وڵاتە زلهێزەکان خۆشحاڵ بوون، وەك چەکێك لەپێناو بەدەستهێنان و پاراستنی مافەکانیاندا تەماشایان کرد (مانتران،1993: 121)، بەڵام بۆچوونی وڵاتە زلهێزەکان لەڕوانگەی بەرژەوەندیی و پاراستنی مافی ئاینزاکانی خۆیانەوە بوو، لەوانە فەڕەنسا مەبەستی پاراستنی پەیرەوکارانی ئاینزای کاسۆلیکی و ڕوسیا ئەرسەدۆکسی، هەرچی بریتانیا جگە لەبڵاوکردنەوەی ئاینزای پرۆتستانت، مەبەستی وەستانەوە بەرامبەر فراوانخوازییەکانی ڕوسیا بوو، ئەوەشی تایبەت بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە، ئامانجی

گرێدانی پەیوەندیی ئابووری و ڕۆشنبیری و تەبشیری لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی (بلعيالي,2019: 63).

لەئەنجامدا، بەهۆی بەردەوامی ئەو ئاڵۆزی و پێکدادانانەی کە لە کوردستان هەبوو، سەرباری کارپێنەکردنی سیستمی میللەت وەك خۆی و کێشەی جیاووگی بیانییەکان و هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ڕێگریکردن لەدەستوەردانەکانی بیانی و سەپاندنی یاسا بەسەر هەموو خاکەکەیدا، بوونە هۆی ئەوەی چاکسازییەکان بەباشی ئەنجام نەدرێن(الكوثراني, 2013: 2).

ئێمە پێمان وایە، ڕاگەیاندنی چاکسازییەکان هەنگاوێکی باش بوو، ئەگەرچی نەیتوانی سنوورێك بۆ دەستێوەردانەکانی وڵاتە زلهێزەکان دابنێت، بەڵکو چاکسازییەکان بووە هۆی ئەوەی زیاتر دەست لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی وەربدەن و بە پیاوە نەخۆشەکە ناوی بەرن، جگە لەوەی خواستی پێکهاتەکان بەتایبەتیش (کورد، ئاسووریی، ئەرمەن) بۆ ڕزگاربوون لەدەستی عوسمانییەکان زیاتر بوو، کێشەکانی نیوانیانی قوڵتر کردەوە، بۆیە مێژوونووسی بەڕەگەز تورك (ثريا شاهين) پێی وایە "بەهۆی چاکسازییەکانەوە، بەتایبەتی ئەوانـەی کەتایبەت بوون بەپێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانەوە، دەوڵەتی عوسمانی زیانی گەورەی کرد " (شاهين، 1997: 29).

لەساڵی (1876ز) قۆناغێکی نوێ لەدەوڵەتی عوسمانی دەستی پێکرد، ئەویش هاتنە سەرکاری سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم-1876-1909) بوو، سەرباری ئەوەی هەوڵیدا مافی بە پێکهاتە ئاینییەکان بدات، بەڵام کەسێکی چاکساز نەبوو، هەوڵیدا بە سوود وەرگرتن لەیەکێتی موسڵمانان پێگەو کەسایەتی خۆی پتەوتر بکات و داکۆکی بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو (ماكداول، 2005: 103) ، کە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی ژمارەیەك شۆڕش لە بەلقان، بەتایبەتی لە :(بولگاریا، سربیا، چیای ڕەش، یۆنان، ڕۆمانیا) جگە لەهەوڵە سەربەخۆیخوازەکانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی:( کورد، عەرەب) نێو ئەو دەوڵەتە(گەلاڵی، 2011: 110).

فشارەکان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی زیاتر بەردەوام بوو (حسون،1982: 250) ، لەبەرامبەردا ڕەوتێکی نەتەوەیی بەهێز بەڕابەرایەتی (مەدحەت پاشا) دەرکەوت، کە داوای ڕاگەیاندنی دەستووریان کرد، دواتر پلانی بۆ دەربازبوون لەو دۆخەو ڕزگارکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەهەرەستهێنان و وەستاندنی دەستێوەردانەکانی وڵاتە زلهێزەکان دانا، بۆیە ڕاگەیاندنی دەستوور یەکێك بوو لەکارەکان، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ئەو هەنگاوە دەبێتە وەڵامێکی تەواو بۆ وڵاتە زلهێزەکان(الجندي, 2020: 121) . بۆیە (مەدحەت پاشا) لەساڵی (1876ز) لیژنەیەکی لە (16) فەرمانبەری باوەڕدار لەگەڵ (10) زانا و فەرمانده دیارەکانی سوپا بۆ دانانی دەستوور پێك هێنا(حسون،1982: 250) ، لەئەنجامدا سوڵتان لە (1876/12/19ز) دەستووری ڕاگەیاند، کە لە (119) مادده پێکهاتبوو(الكوثراني, 2013: 4) ، پێشوازییەکی ناوخۆ و تارادەیەك نێودەوڵەتی لێکرا، بریتانیا پێی وا بوو، ئەو پێشوازیە گەورەیەی لە ڕاگەیاندنی دەستوور کراوە، هۆکارە سەرەکیەکەی ئەوەیە سنوورێك بۆ تاکڕەوی سوڵتانەکان دانراوە(الادهمي,1977: 24). کە دەسەڵاتەکانی سوڵتان لەماددەی(119) دیاری کرابوو، لە ماددەی (42)زامنی پاراستنی مافی تاکە کەسی بۆ موسڵمان و مەسیحی دیاریکردبوو، هەڵبژاردن بۆ ماوەی چوارساڵە، بۆ هەر (50) هەزار کەسێك یەك نوێنەر هەبوو، چەند هەڵبژاردنێك کرا، لەساڵەکانی (1908،1877، 1912، 1913)ز، کە لەهەریەکێکیاندا ژمارەیەك ئەندامی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی خۆیانکرد(ناجي, 2015: 49-66).

شایەنی باسە، ئەنجومەنی گشتی لە (1876/11/5ز) کە لەدوو ئەنجومەن پێکهاتبوو دامەزرا، یەکەمیان ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرا، ناوی ئەنجومەنی (مەبعوسان) بوو، کەنوێنەری هەموو ویلایەتەکانی تێدا بوو، بەڵام دووەمیان لەلایەن سوڵتانەوە دیاریکرا، ناوی ئەنجومەنی پیران (الأعيان) بوو، ژمارەی هەموو ئەندامەکانی بریتی بوو لە(115) کەس، کە لەنێوان موسڵمان و مەسیحییەکاندا دابەشبوون، بەجۆرێك (67) نوێنەری موسڵمان و (48) نووونەری مەسیحی بوون(GAUNT, 2006: 39).

سەرباری هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ دوورخستنەوەی دەستێوەردانەکان، بەڵام شکستی هێنا، لەبەر ئەوەی وڵاتە زلهێزەکان سوودیان لەلاوازی ئابووریی سەربازیی و سیاسی ئەو دەوڵەتە وەرگرت، هەوڵیاندا بەرژەوەندییە داگیرکارییەکانیان بە چارەنووسی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستانەوە گرێ بدەن(جەليل، 1987: 36)، بۆ ئەو مەبەستەش دەستێوەردانیان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوو، لەوانە ڕوسیا هانی پێکهاتەکانی:(یۆنانی، سەلاڤی) لەبەلقان و (ئاسووریی، ئەرمەن) لە کوردستان دەدا(الامام، 2002: 19). بەو هۆیەوە توانی لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات و بتوانێت ئاژاوە بناتەوە، هاوکات سوڵتانیش هەستی بەوە کردبوو کە چارەسەرکردنی کێشەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بەهێز چارەسەر نابێت، لەئەگەری بەکارهێنانی هێز لە دژیان زلهێزەکان لەسەریان دێنە دەنگ، لانی کەم بریتانی و فەڕەنسییەکان ڕۆڵی ناوبژیوان دەبینن و پشتگیریان دەکەن (SOYLU,2004: 190).

بەم شێوەیە، بەیاننامە چاکسازییەکان کە بەناوی تەنزیماتەوە ناسرا بوو، لەگەڵ دەرچوونی دەستووردا کۆتایی هات، کەهەموو هەنگاوی باش بوون بۆ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لەهەرستهێنان ڕزگار بکرێ، بۆیە لەو پێناوەدا چەند پێشنیارێك

خرایە ڕوو، وەك پیادە کردنی ناوەندگەرایی و نۆژەنکردنەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت، بەرۆژئاوای کردنی کۆمەڵگاو پیادەکردنی علمانیەت (دۆمۆن، 2008 : 11). بۆ ئەوەی لانی کەم لەو قۆناغەدا بتوانن دەوڵەتەکەیان لە هەرەسهێنان ڕزگاربکەن و تارادەیەك بتوانن ڕێگا لەدەستێوەردانەکانی زلهێزەکان بگرن.

**سێیەم// هەڵوێستی کورد بەرامبەر فشاری زلهێزەکان بۆ جێبەجێکردنی ماددەکانی (16[*]-61[**]) پەیمانەکانی سانستیڤانۆ و بەرلین :**

ململانێی نێوان وڵاتە زلهێزەکان، بەتایبەتی ڕوسیا و بریتانیا لەپێناو دەستگرتن بەسەر کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بەردەوامی هەبوو، لەوکاتەدا کێشەی ئەرمەنییەکان بەهانەیەکی باش بوو بۆ ئەوەی لەپەنای بەرگریکردن لەوان کار بۆ ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆیان بکەن، بریتانیا پێی خۆش نەبوو ڕوسیا بانگەشەی پاراستنی ئەرمەنییەکان بکات، بۆیە لەژێر فشاری ڕای گشتیدا بایەخێکی زۆری بەچارەنووسی ئەرمەنییەکانداو بە بەهانەی باشترکردنی بارودۆخیان فشاری لەدەوڵەتی عوسمانی کرد، دواتر دوو ڕاوێژکاری خۆی نارده کوردستان بۆ چاودێری و جێبەجێکردنی چاکسازییەکان، بەڵام ڕوسیا دژی ئەو کارەی بریتانییەکان وەستایەوە(مانتران،1993: 217). لەکاتێکدا ڕوسیا سیاسەتێکی دیارو دووربینی بەرامبەر کوردستان نەبوو، زۆرجاریش بەپێی کات و شوێن گۆڕانکاریی بەسەردا سیاسەتی دەهات، لەوانە کونسوڵی ڕوسیا لە ورمێ لەیەکێك لەبەڵگەنامە نهێنییەکاندا بەئاشکرا دانی بەوەدا ناوە کەوا ڕوسیا لە هزری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە بۆ ئەرمەنییەکان، بۆیە پشتی ئاسووریی و ئەرمەنییەکانی گرت و بۆ تەنها جارێکیش پشتی کوردی نەگرت (ئەحمەد، 1975: 25).

لە (1877/3/31ز) باڵوێزانی وڵاتە ئەوروپییەکان لەبینایی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا واژوویان لەسەر بیرخەرەوەیەکی تایبەت بەمافی پێکهاتەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی کرد، کەناوەڕۆکەکەی تایبەت بوو، بەمافی نوێنەرانی ئەو وڵاتانە بۆچاودێرکردنی بەرێوەچوونی چاکسازییەکانیان (مسعود، 1995: 20). چەند بریارێکی تریاندا، لەوانە پێویستە پێکهاتە ئاینییەکان لەدەستدرێژی کورد و چەرکەسییەکان بپارێزرێن، هاوکات داوا کرا هێزێکی پۆلیس لەپێکهاتەکانی ناوچەکە کە لەژێر سەرپەرشتی ئەفسەرێکی بیانیدا پێکبهێنرێت، کە بتوانێت پارێزگاریان لێ بکات، والی بەرپرسیار بێت لەوەی کە لەویلایەتەکەی ڕوودەدات، لەئەگەری ڕوودانی دەستدرێژی بۆ پێکهاتەکان کەنار بخرێت، ئەمەش لەرێگای دادگا یان ئەنجومەنی پیرانەوە بێت". لەئەگەری قایلبوونی بریتانییەکان بەم داواکارییە، پێویست بوو لەهەر ویلایەتێکدا دەستەیەکی هەڵبژێردراو هەبن، هەڵبژاردنی ئەم دەستانەش ئاسان نەبوو، بەهۆی فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی کوردستانەوە، دواجار بریتانییەکان بەو داواکاریە قایل نەبوون، بۆیە لە (1878/10/24ز) بریاری ڕاپۆرتێکی زارەکی سەبارەت بە بنکەی پۆلیس بەسەرپەرشتی ئەفسەری بیانی لەکوردستان درا (لکهارت، 2017: 367).

ئێمە پێمان وایە، پێکهاتەکان کێشەی زۆر گەورەیان کە شایەنی چارسەرکردن نەکرێت نەبووە ، بەڵکو لەزۆرکاتدا هاوکارو پشتیوانی یەکتری بوون، ئەمەش بەیەکێك لەڕێگرییەکانی بەردەم هاتنە ناوەوەی وڵاتە زلهێزەکان بۆ کوردستان بووە، بۆیە دەبوو دەلاقەیەك کە شوێن پێی خۆیان بکەنەوە بدۆزنەوە، بۆ ئەوەش ئاین باشترین کەرەستەبوو تاکو کار لەسەر قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکان بکەن و بە بەڵێنی زۆر و هاوکاری سەربازی و دارایی سەرنجیان بۆلای خۆیان ڕابکێشن، لێرەو قەبارەی چالاکی جوڵانەوەی پێکهاتەکان بەگشتی و ئەرمەنییەکان بەتایبەتی فراوان بوو، بەهۆی پشتیوانیەکانی ڕوسیاوە بنمیچی داواکارییەکانیان بەرز کردەوە و گۆڕانکاریی بەسەر هەڵوێست و بیروبۆچوونیان لەبەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی هات(مەکارسی، 2013: 101).

جگە لەوەی باسکرا، پشگیریی و هاوکاری ڕوسیا بۆ جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی بەلقان، بووە هۆی دروستبوونی ناوەرۆکێکی مەعنەوی و سیاسی بۆ پێکهاتەکانی تر، بەتایبەتیش پێکاتەکانی ئاسووریی و ئەرمەنییەکان(جەلیل، 1987: 49) ، هەرچەند کێشەی ئاسووریی و ئەرمەنییەکان لەکێشەی ئەو گەلانە جیاواز بوو ، لەبەر ئەوەی هەریەك لەگەلانی بەلقان سنوورێکی دیاریکراویان لەژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو، واتا دابەش نەکرابوون، لەکاتێکدا ئەرمەنییەکان لەنێوان :(ڕوسیا، عوسمانی، قاجاری)دا دابەش ببوون، لەبەرژەوەندیی هیچ دەوڵەتێکیان نەبوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەرمەنییەکان دروستبکرێت(الضبع, 2012: 44)، جگە لەوەی لە بەلقان زۆرینەی دانیشتوانەکەی

---

[*] ماددەی (16)ی پەیمانی سانستیڤانۆ، پێویست بوو لەسەر دەوڵەتی عوسمانی چاکسازی لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ئەنجام بدات و ڕێگری لەهێرشی کورد و چەرکەسییەکان بۆ سەر ئەرمەنییەکان بکات. د. نعيم اليافي- د.خليل الموسى, نضال الارمن و عرب ضد الاستعمار العثماني, ط1, دار الحوار للنشر و التوزيع, حلب,1995, ص40.

[**] ماددەی (61)ی پەیمانی بەرلین، ناوەڕۆکەکەی بریتیە لهئەنجامدانی چاکسازی لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئەرمەنین، جگە لەپاراستنی ئەرمەنییەکان لەهێرشی کورد و چەرکەسییەکان.

29.Y.PRK.HR-3-87-21-07.2022 ذي الحجة 1295هـ. 14-26-11rat

مەسیحی بوون، بەڵام لەکوردستاندا مەسیحییەکان کەمینەوە بوون، بۆیە بەراوردکردنی کوردستان بە بەلقان لەڕووی زانستییەوە لەجێی خۆیدا نییە.

لەساڵی (1877ز) ڕوسیا جەنگی لەدژی دەوڵەتی عوسمانیدا هەڵگیرساند، دەوڵەتی عوسمانی باری نائاسایی ڕاگەیاند(سجادي, 2003: 89) ، بەشێك لەهۆزەکانی کورد بە بڕیاری دەوڵەتی عوسمانی هەلی جەنگیان قۆستەوەو هێرشیان کردە سەر ناوچەی تەیاری خواروو، بەبەهانەی ئەوەی (مارشیمون) پارچە زەوییەکی کوردەکانی بەنێردەیەکی بریتانییەکان بۆ بنیادنانی بنکەی تەندروستی و خوێندنگایەك بۆ مەسیحییەکان داوە(السلطاني, 2015: 208).

له (1878/3/3ز) پەیمانی سان ستیڤانۆ لەنێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانیدا واژووکرا (Atove, 2002: 43). کە بەپەیمانی (16) مادەکە ناسرا، پێویست بوو ڕوسیا لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ سەرپەرشتی چاکسازییەکان بکات (Celebyan, 2003: 28), گرنگترین مادەکانی ئەم پەیمانامەیە ، ماددەی (5) بوو، کەپێویست بوو لەسەر دەوڵەتی عوسمانی پەیمانی ئەوە بدات، کە پارێزگاریی لەپێکهاتەکانی : (ئاسووریی، ئەرمەن، کورد، چەرکەس) بکات(الصلابی،2007: 545) ، هەروەها بەپێی ماددەی (16) پێویست بوو لەسەر دەوڵەتی عوسمانی چاکسازی لەویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ئەنجام بدات و ڕێگری لەهێرشی کورد و چەرکەسییەکان بۆ سەر ئەرمەنییەکان بکات(اليافي-الموسوى,1995: 40) ، بۆپابەندبوونی دەوڵەتی عوسمانی بەجێبەجێکردنی بەماددەکانی ئەم پەیمانەوە کونسوڵەکانی ڕوسیا لەکوردستان بەچڕی چاودێری جێبەجێکردنیان کرد، سەرجەم ڕووداو شۆڕش و ئەو کارانەی ڕوویاندا لەگەڵ ئەو ئەرکانەی بۆیان دیاریکرا بوو بە سەرووی خۆیان گەیاند (جەلیل، 1987: 92-93).

پەیمانی سانستیڤانۆ، لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە ژمارەیەك ڕەخنەی لێگیرا، لەوانە بریتانیا پێی وابوو دەسەڵاتی زۆر بەڕوسیا لەڕۆژهەڵاتی نزیکدا دراوە، ئەمەش لەگەڵ ڕێگای هاتوچۆی بریتانیا بۆ هندستان نایاتەوە، هەروەها نەمساش ڕەخنەی توندی لەپەیمانەکە گرت، لەبەر ئەوەی لەدامەزراندنی بولگاریای گەورە دردۆنگ بوو لەلایەك و ئاماژە بۆ داگیرکردنی بۆسنەو هەرسك لەلایەن نەمساوە نەکرابوو لەلایەکی ترەوە، بۆیە داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو پەیمانە کرد (تەقوش، 2009: 522) ، هاوکات بریتانیا لەفراوانخوازییەکانی ڕوسیا لەدەوڵەتی عوسمانیدا ترسا، بۆیە پەیمانێکی نهێنی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی واژوو کرد، بەپێی ئەو پەیمانە بریتانیا له (1878/6/4ز)دورگەی قوبرسی بەدەست هێنا، دواتر فشاری لەڕوسیا کرد بۆ ڕاستکردنەوەی ماددەی (16) پەیمانی سانتسیڤانۆ(اليافي-الموسوى,1995: 41) ، لەئەنجامدا هەریەك وڵاتانی :(عوسمانی، بریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، نەمساو مەجەر) ڕوسیایان ناچار بەکۆبوونەوەیەکی تر کرد (Celebyan, 2003: 28)، ئەوە بوو له (1878/7/13ز) بەسەرپەرشتی (بسمارك-Bismarck) ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و نوێنەرانی هەریەك لە: (ڕوسیا، بریتانیا، فەرەنسا، نەمسا و مەجەر، ئیتالیا، دەوڵەتی عوسمانی)واژوو لەسەر پەیمانی بەرلین کرا، کە هەموو ماددەکانی پەیمانی پاریسی (1856ز) و سانستیڤانۆی (1878ز) هەموارو گۆڕانکاریی تیا کرا( Atove, 2002: 43) ، ئەرمەنییەکان وەفدێکیان بەسەرۆکایەتی (خرمیان هایرك-Khurmian Hayrek) بەشداری کرد و دوو پرۆژەی بۆ کێشەی ئەرمەنییەکان لەدەوڵەتی عوسمانیدا خستە ڕوو، کەتایبەت بوو بەمافی خۆبەڕێوبەری ئەرمەنییەکانی باکووری کوردستان(توفيق، 2012: 105). کە بەهەنگاوێکی دبلۆماسی بەئاراستەی چارەسەرکردنی پرسی ئەرمەنییەکان دانرا ، کە مەبەستی سەرەکی دروستکردنی کارگێڕییەکی هاوبەش لەنێوان موسڵمان و مەسیحییەکاندا (GAUNT, 2006: 38).

ئەم پەیمانە لە دیباجە و (64) ماددە پێکهاتبوو، لەماددەکانی تایبەت بوو بە پێکهاتەکانی کوردستانەوە بریتی بوو لەماددەی(58)، کە دەبوو دەوڵەتی عوسمانی واز (قارس، ئەردەهان، باتۆم) بۆ ڕوسیا بهێنێ (الهريدي,2009: 256) ، هەروەها ماددەی(60)بایەزید لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بێت، گەڕانەوەی هەرێمی (قوتوور) بۆژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی قاجاری(ئەمین، 2000: 28). بەپێی ماددەی (61) کە ناوەڕۆکەکەی بریتی بوو له" ئەنجامدانی چاکسازی لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی ئەرمەنین، جگە لەپاراستنی ئەرمەنییەکان لەهێرشی کورد و چەرکەسییەکان"(اليافي-الموسوى,1995: 41)، هەروەها ماددەی (62) پێویستکرابوو لەسەر دەوڵەتی عوسمانی، کە نابێت ئاین ببێتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی فەرمانبەرکان لەپۆستە باڵاکاندا و یەکسانیان لەپێش دادگاو ڕەخساندنی هەلی فەرمانبەرێتی بۆ هەموو پێکهاتە ئاینیەکان لەوەزارەتی دەرەوە، جگە لەڕێزگرتن و هاوکاری خاوەن پیشەو کارگەکان، سەرپەرشتی و پاراستنی مەسیحییەکان لەلایەن کونسوڵی زلهێزەکانەوە (BLLISS,1896 : 332). پێویستکرابوو لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بەبێ دواکەوتن چاکسازی لەو ناوچانەی ئەرمەنییەکانی تیا نیشتەجێ بوون ئەنجام بدات(عەبدوڵڵا، 2004: 28) هاوکات بریتانیا داواکار بوو چاکسازی لەکاروباری ئاسوورییەکان بکرێت، بەجۆرێك کە باجیان لەسەر کەم بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە هەڕەشەی ئەوەیان کرد لەئەگەری

ئەنجام نەدانی چاكسازی سزای دەوڵەتی عوسمانی دەدەن (Werda, 1924 : 204).

جێگەی باسە وڵاتە زلهێزەكان جەختیان ئەنجامدانی چاكسازییەكان لەژێر چاودێری خۆیاندا كردەوە، ئەوەش لەبەرژەوەندیی مەسیحییەكاندا بوو، تەنیا سوود ئەگەر بۆ كورد هەیبوێ بریتی بوو لە لابردنی ناوی ئەرمینیا، ئەمەش بەلای كوردەوە هەنگاوێكی ئەرێنی بوو، لەبەرئەوەی پێشتر وڵاتە زلهێزەكان كوردستانیان بەئەرمینیا ناو بردبوو(الشمري-الياسري, 2020: 10). هەروەها دەبوو بەهاوكاری وڵاتانی بەشدار لەپەیمانی بەرلین پێداویستییەكانی ئەو ناوچانەی كەچاكسازییەكانی تێدا ئەنجام دەدرێت دابین بكەن و بواری ئەوەیان بۆ برەخسێنێت كە بتوانن چاودێری جێبەجێكردنی چاكسازییەكان بكەن (عوسمان، 2010: 22).

بریتانیا لە ساڵی(1878ز) خۆی بەهاوپەیمانی دەوڵەتی عوسمانی زانی، بۆیە مافی سەرپەرشتیكردن و بەدواداچوونی چاكسازییەكانی گرتە ئەستۆی خۆی، بۆ سەركەوتنی ئەو كارەی هاوتەریب لەگەڵ ڕوسیا لەساڵی(1878ز) كونسوڵخانەیان لەكوردستاندا بەناوی كونسوڵخانەی كوردستان كردەوە (حاجی، 2007: 196) ، ئەوەی ڕوسیا لە (1878/10/19ز) لە ویلایەتی دیاربەكر كردەوە، یەكەم كونسوڵیان بەناوی (ماكسیموف-Maximoff) بوو، بەڵام كونسوڵخانەی بریتانیا لە (1878/10/22ز) لەویلایەتی ئەرزە ڕووم كردەوە، یەكەمین كونسوڵیان ناوی (هێنری تروتەر- Henry Trotter)بوو، ئەوە بوو ( سێر هارد لایارد- Sir Hard Layard1877-1880ز) باڵیۆزی بریتانیا لەئەستەمبوڵ ئاگاداری (هێنری تروتەر-Henry Trotter)ی كرد بۆ چاودێری جێبەجێكردنی چاكسازییەكان و بەدواداچوون بۆ سكاڵای ئەرمەنییەكان و هەڕەشەی كوردەكان بكات (توفیق، 2012: 45).

جێگەی باسەو دەوڵەتی عوسمانی مەبەستی نەبوو چاكسازییەكان بەو شێوەی زلهێزەكان داوایانكرد جێبەجێ بكات، بۆیە سستی لە جێبەجێ كردنیان نواند، بەوهۆیەوە بریتانیا هەڕەشەی هێرشی دەریای لێكرد(حرب، 2004: 96) ، ئەوە بوو دەوڵەتی عوسمانی بەڕاوێژ لەگەڵ بریتانیادا، لە شوباتی (1879ز) دوو لیژنەیان بۆ لێكۆڵینەوەی لەسكاڵای مەسیحییەكان و سەرپەرشتی و جێبەجێ كردنی چاكسازییەكان نارد، لیژنەیەكیان بۆ ویلایەتەكانی : (وان، ئەرزە ڕووم، بەدلیس) و ئەوەی تریان بۆ ویلایەتەكانی :(دیاربەكر، حەلەب)ڕۆیشتن (توفیق، 2012: 116).

ڕوسیا ویستی بەپێی بەرژەوەندیی خۆی چاكسازییەكان بكرێت، بۆیە پێشنیاری كرد، كەهەرێمێك لە هەر ئەو شەش ویلایەتەی كە ئەرمەنییەكان داوایان كرد، جگە لەچەند ناوچەیەكی سنووری لێ دەربچێت دروستبكات، هەمووی بخرێتە ژێر دەسەڵاتی بەرپرسێكی ئەورووپی مەسیحییەوە، بەمەرجێك لەلایەن سوڵتانەوە دیاری بكرێت، بەرپرسەكە دەسەڵاتی تەواوی لەدانان و لادانی فەرمانبەرو دادوەری ناوچەكان جوڵاندنی سوپا و پۆلیس بۆ سەپاندنی یاسا هەبێت، هاوكات ئەنجومەنێكی خۆجێی لەناوچەكان بەهاوبەشی لەنیوان موسڵمان و مەسیحییەكان بەیەكسانی پێك بهێنرێت، هەروەها پۆلیس و سوپا لەدانیشتوانی ناوچەكە بن، نیوەی موسڵمان و نیوەكەی تر مەسیحی بێت، پێویستە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەكە خزمەتی سەربازی لەسنووری ناوچەكانی خۆیاندا بكەن، بەڵام ئەڵمانیا ئەو پێشنیارانەی بەدەرچوون لەسنوور زانی، لەترسی ئەوەی لەئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێك بۆ ئەرمەنییەكان دەوڵەتی عوسمانی هەڵدەوەشێتەوە، حكومەتی فەرەنساش پێی وابوو پێویستە چاكسازییەكان لەلایەن هەموو دەسەڵاتەكانەوە بەڕاوێژ بكرێن، جگە لەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەزۆرینەی پێشنیارەكان قایل نەبوو، كوردەكانیش بەهەموو شێوەیەك دژایەتی دانانی حاكمێكی مەسیحی بوون بەسەر ناوچەكانیانەوە، لەبەر ئەوەی دەیانزانی كەئامانجی وڵاتە ئەوروپییەكان داماڵینی هێزو لاوازكردنیانە بەو هۆیەوە زۆربەی ئەو خاڵانەی پێشنیار كرا بوون ڕەتكرانەوە (FA,1914: 433).

لێرەوە پرسی پێكهاتەكان بەتایبەتیش:(كورد، چەركەس، ئاسووریی، ئەرمەن) ڕەهەندێكی نێودەوڵەتی وەرگرت(عەبدوڵڵا، 2004، ل28)، لەبەر ئەوەی كێشەكان كەوتە ژێر دەستی شەش وڵاتەوە(Celebyan, 2003: 29)، هەروەها دەوڵەتی عوسمانی بەشێكی گەورەی خاكەكەی لەبەلقان و دوورگەی قوبرس و لەدەستدا، جگە لەدەستدانی سەرچاوەیەكی گەورەی دارایی، سامانێكی مرۆیی گەورە كە لەهەموو دانیشتوانی عوسمانی پیشەسازی ترو ئاوەدانتر بوو جیابوونەوە (دۆمۆن، 2008: 148).

وڵاتە زلهێزەكان بە بەهانەی چەوساندنەوەی مەسیحییەكان لەلایەن موسڵمانەكانەوە سوودیان لەلاوازی دۆخی ئابووریی و جەنگی و سیاسی دەوڵەتی عوسمانی وەرگرت، هەوڵیاندا بەرژەوەندییە داگیركاریەكانیان بەچارەنووسی پێكهاتەكانی نێو دەوڵەتی عوسمانییەوە گرێ بدەن (جەلیل، 1987: 37-38) ، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەشیان هەموو هەوڵێكیان خستەكار، بەتایبەتی لە ڕێگای كونسوڵخانەكانیانەوە بەردەوام ڕاپۆرت و هەواڵیان بۆ سەرووی خۆیان بەرزكردەوەو تێیدا باسی ستەم چەوساندنەوەی مەسیحییەكانیان كرد، لەوانە لە ڕاپۆرتێكی كونسوڵی بریتانیا لەئەرزەڕووم كە بۆ (گوشن-Goshen)ی باڵوێزی بریتانیا لەئەستەمبوڵ ناردوە، ئەوە دەسەلمێنێ لەگەرمەی شەڕی (1877-1878ز) لەتۆڵەی ئەوەی

ئەرمەنییەکان چاوساغی و لایەنگری سوپای روسیا بوون، دەوڵەتی عوسمانی (2400) کەسی لێکوشتن، لەوکاتەدا (شێخ عوبەیدوڵڵا) ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بۆ پاراستنی ئەرمەنییەکان بەکارهێنا و توانی بەشێکیان رزگاربکات، لەکاتێکدا دبلۆماتکارانی وڵاتە ئەوروپییەکان لەو باوەڕەدا بوون، کە هێرش دەکاتە سەریان و قەڵاچۆیان دەکات، بەڵکو ئەو هەوڵیدا پەیوەندیی دۆستایەتیان لەگەڵدا ببەستێت (باقی، 2000: 103-105).

پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ ئەرمەنییەکان لەلایەك و هەوڵەکانیان بۆ داگیرکردن و بنیادنانی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی ئەرمەنی لەسەرخاکی کوردستان، ترس و دڵە ڕاوکێی کوردەکانی زیاترکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی (کلاتین-Klatin)ی جێگری کونسوڵی بریتانیا لە ویلایەتی وان، بەهەڵهێنجان لەچەند سەرچاوەییەکی ئاسوورییەکانەوە ڕاپۆرتێکی بۆ سەرووی خۆی نووسی و تێیدا ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە "کوردەکان بەتوندی لەگەیشتنی کونسوڵە ئەوروپییەکان بۆ ویلایەتی وان بەئاگاهاتوونەتەوە...." (جوەید، 2008: 183).

بەدیدوبۆچوونی ئێمە کورد لەوە گەیشتبوون کە کونسوڵخانەکان ببوونە شوێنی هاندانی مەسیحییەکان لەدژیان، سەرباری ئەوەی بەئاشکرا پشگیریان دەکردن و هانیان لەدژی کورد دەدا بۆ ئەوەی بەگژیاندا بچنەوەو هەوڵی نانەوەی ئاژاوە بدەن، بۆیە کورد بەچاوێکی گوماناوی سەیری دبلۆماتکاری وڵاتە زلهیزەکانی کردووە.

ڕووداوپێشهاتەکان بارودۆخی بەرەو خراپتر برد و گەیشتە ڕادەیەکی وا کە کورد لەوە زیاتر توانایی بەرگە گرتنی نەمێنێ، هەربۆیە کونسوڵی ڕوسیا لە ئەرزە ڕووم ئاماژە بە ئامادەکاریی کورد بۆ ڕاپەڕین دەکات(ئەمین، 2000: 28) ، لەبەر ئەوەی بەپێی ماددەکانی(16) و(61) پەیمانەکانی سانستیڤانۆ و بەرلین، جەختیان لەچاکسازی لە ویلایەتەکانی: (وان، ئەرزە ڕووم، مەعموورە تلعەزیز، دیاربەکر، سیواس، بەدلیس) کردەوە، کە خۆی لەکەمکردنەوەی دەسەڵاتی کورد بینییەوە بەئەندازەی ئەوەی کە نەتوانن لەبەرامبەر پێکهێنانی کارگێڕییەکی تایبەت بۆ ئەرمەنییەکان لەناوچەکانیان هیچ کاردانەوەیەك بنوێنن (حەمە باقی، 2000: 94-95)، بۆیە قایلبوونی کورد بەوە ئەستەمبوو، لەبەر ئەوەی بەشێك لەئەرمەنییەکان موسڵمان بوون و زمانی ئەرمەنیان بیرچووبوویەوە، لەهەمانکاتدا ئەو ناوچانەی کە بڕیار بوو لەچوارچێوەی خۆبەڕێوبەری ئەرمەنییەکان بێت، پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی جۆراوجۆری تێدا دەژیا، لەبەرئەوە جێبەجێ کردنی چاکسازییەکان وەك خۆی ئاسان نەبوو (لکهارت، 2017:364-366). لەبەر ئەوەی ئەرمەنییەکان زیدەڕەویان لەداواکارییەکانیان کرد، بۆ نموونە سنجقی دیاربەکر و دەووروەبەری بەلای ئەرمەنییەکانەوە ناوجەرگەی ئەرمینیا بوو، ئەم جۆرە هزرەش لەچاپەمەنی و ئەدەب و خەباتی ڕۆژانەیاندا ڕەنگی دابوویەوە، هاوکات لەتەواوی بڵاوکراوەو ئەدەبیاتی سیاسی خۆیاندا سانسۆری ناوی کوردستانیان کرد بوو (سەردەشتی، 2020: 18) ، ئەوەش مەترسییەکی ڕاستەقینەی لای کورد دروستکرد و گەیشتنە ئەو باوەڕەی کێشەیان لەگەڵ مەسیحییەکان هەرچۆنێك بێت وڵاتە زلهێزەکان پشتگیری ئەوان دەکەن (قرگەی، 2011: 206).

کورد ترسی لەداگیرکردنی خاکەکەی هەبوو، وەك وەڵامێك بۆ ئەو دەنگۆیانە (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) ڕایگەیاند" **ئەوە چیە؟ گوێبیستی ئەوەین، ئەرمەنییەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە وان دادەمەزرێنن، ئاسوورییەکانیش ئاڵای بەریتانیان بەرزکردۆتەوەو ڕایانگەیاندوە کە ڕەعیەتی بریتانیان و کوردەکان بەگەلێکی جوودا دەناسن، ئێمە هەرگیز ڕێگە بەوانە نادەین دەوڵەتێك لەسەر خاکی کوردستان دروست بکەن، ئەگەر ناچاریش بکرێن، ژنانیش چەکدار دەکەین** " (ماکداوڵ، 2005: 102). بۆیە هەوڵیدا هەموو کورد دژی ئەو داخوازیەی ئەرمەنییەکان یەکبخات، بۆیە وڵاتە زلهێزەکان گومانی ئەوەیان لە دەوڵەتی عوسمانی کرد بۆ چەند مەبەستێکی خۆی هانی موسڵمانەکان بەگشتی و کوردەکانی بەتایبەتی داوە (جوەید، 2008: 183)، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی سیاسەتێکی دوو لایەنەی بەرامبەر پێکهاتەکان پەیرەوکرد، لەلایەکەوە وای لە وڵاتە زلهێزەکان گەیاند، لەئەگەری دروستبوونی یەکێتی کوردان، ئەوا لیدژی خواستەکانی مەسیحییەکان دەبنەوە، بەمەش پشتگیریی وڵاتە زلهێزەکانی بۆ لێدانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد بەدەستهێنا، لەلایەکی ترەوە ئەرمەنییەکان بەوە تۆمەتبارکرد کە دەیانەوێت لەڕێگەی وەرگرتنی منداڵانی کورد لەقوتابخانەکانیان کورد لەنێو ئەرمەندا بتوێنێتەوە (جەلیل، 1987: 93-94).

هاوکات دژایەتی کورد بەرامبەر چاوتێبڕینی ئەرمەنییەکان لە خاکی کوردستان هەموو چین و توێژەکانی گرتەوە، لەوانە حاجی قادری کۆی(1815-1897ز) بەهۆنراوەیەك بەتەواوی مەترسی داگیرکردنی کوردستانی لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە خستۆتە ڕوو لەوبارەیەوە دەڵێت:

**خاکی جەزیرەو بۆتان یاعنی وڵاتی کوردان**
**سەد حەیف و مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان**
**وارێگەتان دەبەسترێ عێلاتی جاف و بڵباس**
**گەر مردوون لەگەرمان ممنوعە بچنە کووێستان**
**کامە کچ هەتیوێ شیرن بێ ڕادەکێشن**
**هاوار دەبە بەرگێ پەشمە دەخیل و ئامان**
**مزگەوت دەبێتە دێرو ناقوسیان مۆئەزین**
**مەتران دەبێتە قازی مفتی دەبێتە ڕەهبان**

**هیچ غیرەتێك نەماوە سەدجار قەسەم بەقورعان پەیدا ئەبێ ئەرمەنستان نامێنێ یەك لەکوردان**(میران، شارەزا، 1986: 43).

لە دوای دژایەتی کورد بۆ ماددەی (61) پەیمانی بەرلین، کونسوڵەکانی بریتانیا لە کوردستان بانگەشە چەوساندنەوەی مەسیحییەکانیان کردو داوای پیادەکردنی یەکسانیان لەنێوان پێکهاتەکاندا کرد (أولسون، 2013: 26). لەوەش زیاتر لەلایەن (لایارد)هوە یاداشتێك ئاراستەی سکرتێری حکومەتی بریتانیا بۆ کاروباری دەرەوە (ئیرل دێربی-E. Derby)کراو داواکاربوو کە بریتانیا پرسی لکاندنی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەناوچە ئاسووریی نشینەکانەوە بە موڵکەکانی لەهندستانەوە بلکێنێت (السلطاني, 2015: 211).

وڵاتە زلهێزەکان کاریان لەسەر بەردەوام بوونی ناکۆکی نێوان کورد ئاسووریی و ئەرمەنییەکان کرد، لەو بارەیەوە، یاریدەدەری کونسوڵی ڕوسیا لە وان، لە (1880/4/29ز) باسی ئەوە دەکات" کە (مار شیمون) ئەوە دەزانێت، ئەگەر لە کورد نزیك بێتەوە وڵاتە زلهێزەکان لەخۆی دەکات، هەر لەبەر ئەمەیە نایەوێ لەگەڵ (شێخ عوبەیدوڵلا)دا ڕێك بکەوێت"، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، پەیوەندیی دۆستانەیان لەگەڵی هەبوو، بۆیە (شێخ عوبەیدوڵلا) بۆ ئەوەی ئەرمەنیەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، چەند جارێك نوێنەری خۆی لای سەرۆکی ئاینی ئەرمەنییەکان لە (باش قەڵا) بەناوی (ئەرخیماندرێت ئۆگانیس)ناردو داوای چاوپێکەوتنی لێکرد، بەڵام وەڵام نەدرایەوە، بۆیە شێخ ڕووی کردە (مار شیمون)ی پاتریاکی ئاسوورییەکان و داوای لێکرد هاوکاری شۆڕشی کورد بکات، بەڵام وەڵامی (مارشیمون) هیوای هاوکاری و ڕێکەوتنی تێدانەبوو، لەبەرئەوەی ڕاگەیاند کوردەکان ناتوانن شوێنی وڵاتە زلهێزەکان بۆ ئەوان بگرنەوە (جەلیل، 1987: 108-110).

لەدوای سەرکەوتنی (گلادستۆن-William Gladstone) ، لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی (1880ز) بریتانیادا، پشتگیریی زۆری لە ئەرمەنییەکان کرد، لەبەر ئەوەی پێی وابوو ناهێڵێ ڕوسیا لەقەفقاسەوە دەستی بەئاوە گەرمەکان بگات، دەبێتە بەربەستێکیش لەپێش چاوتێبڕینەکانی ڕوسیا لەڕێگەی هندستان، بۆیە هەڵوێستی ڕوسیا گۆڕانکاریی بەسەردا هات و لایەنگیری لەدامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ ئەرمەنیەکان لەڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نەکرد، دواتر پشتگیریی خۆی لەبزوتنەوەی ئەرمەنییەکان کشاندەوەو بریتانیا ئەو ڕۆڵەی گرتە ئەستۆ، تاکو ساڵی(1890ز) وپشتگیرییەکانی بریتانیا بۆ ئەرمەنییەکان گەیشتە لوتکە (حرب، 2004: 97).

دەرکەوتنی ئەڵمانیا وەکو زلهێزێك و بوونی بەرژەوەندییەکانی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەرکی سوڵتانی ئاسانتر کرد، لەبەر ئەوەی ڕکابەرێك بۆ ڕوسیا و بریتانیا دروستبوو، کە کاریگەریی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی سەردەوڵەتی عوسمانی هەبوو، سوڵتان سەرکەوتوو بوو لە بەستنی پەیمان لەگەڵ ئەڵمانیا بۆ بەرگری کردن لەدەسەڵاتەکەی، پێی وابوو ئەڵمانیا جیاوازە لە وڵاتە زلهێزەکانی تر و ئامانجی داگیرکاریی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا نیە(KENT,1984:11)، بۆیە کاری بۆ پەرتکردنی ئەڵمانیا و نەمسا و مەجەر لەوڵاتە زلهێزەکانی تر کرد و لەوەشدا سەرکەوتوو بوو، لەئەنجامدا لەساڵی(1895ز) ئەڵمانیا لەڕێگەی باڵوێزەکەیانەوە لەئەستەمبوڵ ڕایگەیاند" ماددەی 61ی پەیمانی بەرلین شایەنی جێبەجێکردن نییە"(Atove, 2002: 51).

پێشهات و پەرەسەندنە سیاسییەکانی کە لە ئەوروپا ڕوویدا، پەیوەندی سیاسی نێوان وڵاتان ئاراستەیەکی تری وەرگرت، لەوانە چالاکی سەلاڤییەکان لە نەمسا و مەجەر، بەستنی هاوپەیمانێتی لەنێوان ڕوسیا و فەڕەنسادا، بووە هۆی ڕێکەوتن لەنێوان (ئەڵمانیا، نەمسا، مەجەر) لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بکرێت، بەپێی ئەو ڕێکەوتنە ئەو وڵاتانە ئامادەیان بۆ هاوکاری کردنی دەوڵەتی عوسمانی دەربری (الامام،2002: 25). بۆیە سەرباری بەردەوامی فشاری وڵاتە زلهێزەکانی تر، دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی بە پرۆژە چاکسازییەکانی هێنا، کەبووە هۆی دەربڕینی نارەزایەتی لەلایەن مەسیحییەکانەوە، دووبارە داوایان لە تورکە لاوەکان لەساڵی(1908ز) کردەوە، کە بنەمای یەکسانی لەنێوان هەموو هاوڵاتیاندا بێ گوێدانە ڕەگەزو ڕوخسارو ئاین پەیڕەو بکرێت(GAUNT,2006:39). لێرەوە وڵاتە زلهێزەکان هەوڵەکانیان خستە کار بە بەهانەی پاراستنی پێکهاتە ئاینییەکان لەدەستدرێژی و سەرۆك هۆزە کوردییەکان، بەتایەتی (موسا بەگی موتکان) ، کە بەبۆچوونی ئەرمەنییەکان هۆکاری زۆربەی ئەو نەهامەتیانەیە کە بەسەریان هاتووە ئەو بووە(سەردەشتی، 2019: 21)، بۆیە داواکاری دادگای کردنی بوون، دەوڵەتی عوسمانی دەستگیری کردو ڕەوانەی ئەستەمبوڵی کرد، لەدوای داداگایکردنی بێ تاوان دەرچوو و ئازاد کرا(ARSLAN,2001,108).

جێگەی باسە بەئامانجی باشترکردنی ژیانی مەسیحییەکان، باڵێوزانی: (بریتانیا، ڕوسیا، فەڕەنسا) کۆبوونەوە، لە (1895/5/11ز) بیرخەرەوەیەکیان ئاراستەی دەوڵەتی عوسمانی کرد، کە پاشکۆیەکی لەگەڵ بوو بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی چاکسازی لە بوارەکانی کارگێڕی ئابووریی دادوەری(KIRAKOSSIAN,2008, 55)، کە پوختەکەی بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

لەژێر ڕۆشنای چارەسەرکردنی ڕژێمی کارگێڕیدا، پێویستە هەرقەزایەك بۆ چەند ناحیەیەك دابەش بکرێت، بەڕەچاوکردنی لایەنەکانی جوگرافیا و پێکهاتەی دانیشتوان، ژمارەیەك

سەربازی لەپێناو سەپاندنی یاسا و بەجێگەیاندنی فەرمانی دادگاکان بۆ دابین بکرێت، لەبواری ئابووریدا، یەکلاکردنەوەی بەڵگەنامەی موڵکایەتیان لەسەرووی هەموو کێشە ئابوورییەکان دانا، جگە لەدانانی چەند یاسایەك بۆ کۆکردنەوەی باجەکان، لەبواری دادوەریشدا، پێشنیاریان بۆ پیادەکردنی یەکسانی لە نێوان هەموو هاوڵاتیاندا بەبێ جیاوازی رەگەزو روخسارو ئایندا کرد، هاوکات پێشنیاری دانانی دادوەری مەسیحیان بۆ ئەو ناوچانەی کەزۆرینەی دانیشتوانەکەی مەسیحی بوون کرد(شهاب، 2017: 15-16).

لەدوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی لەبەلقان و باکووری ئەفریقا لەساڵی(1911ز)، هەریەك لە : (روسیا، بریتانیا، فەرەنسا) فشاریان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (61)ی پەیمانی بەرلین کردو پرۆژەیەکیان خستەڕوو کە ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی کردە دووبەشەوە، یەکەمیان پێك هاتبوو لە ویلایەتەکانی : (ئەرزەرووم، وان، تەرابزۆن، سیواس)، بەڵام دووەمیان هەریەك لەویلایەتەکانی : (بەدلیس، مەعمورەتلعەزیز، دیاربەکر)ی گرتەوە، دەبوو لەلایەن دوو سەرپەرشتیاری بیانییەوە بەڕێوەببرێن، بەکارهێنانی زمانی پێکهاتەنەتەوەیی و ئایینییەکان لەگەڵ زمانەکانی کوردی و تورکیدا (بیلافیتش، 2007: 133). ئەمەش وەك هەنگاوێك بە ئاراستەی نەخشە رێگای دبلۆماسی بۆ چارەسەر کردنی پرسی پێکهاتەکان خرایە ڕوو(GAUNT,2006:38).

سەرباری فشاری وڵاتە زلهێزەکان پەیمانی بەرلین جێبەجێ نەکرا و تاکو ساڵی(1912ز) وەك خۆی مایەوە، بەڵام لەدوای ئەو مێژووەوە هەڵوەشایەوە جێبەجێ نەکرا، بۆیە وڵاتە زلهێزەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان جارێکی تر مەسەلەی ئەرمەنییەکانیان هێنایە پێشەوە، ئەوانیش هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی چڕکردەوە (ئەحمەد، 1975: 105). بۆیە دەوڵەتی عوسمانی لە (1913/3/27ز) یاسای (دادوەران)ی دەرکرد، بەپێی ئەو یاسایە دەبوو کێشەی ئەرمەنییەکان چارەسەر بکات، لەئەنجامدا، لە (1914/2/8ز) رێکەوتنێك لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتە زلهێزەکاندا واژووکرا، کەتایبەت بوو چۆنێتی بەڕێوەچوونی چاکسازییەکان لەرۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا، بەپێی رێکەوتنەکە دوو سەرپەرشتیاری ئەوروپی بۆ چاودێری کردنی چۆنێتی بەڕێوەچوونی چاکسازییەکان دانرا، ئەوانیش کەسێکی هۆڵەندی بەناوی (ویسترنیك-L.C. Westenenk) بۆ ویلایەتەکانی (وان، ئەرزەڕووم، سیواس) دانا، ئەوی تریان بەناوی (رائد هۆڵف-basi Bin) نەرویجی، بۆ ویلایەتەکانی (دیاربەکر، معمورەتلعەزیز، بەدلیس)دانا(SiMSir,VOII,1989: 289).

دەوڵەتی عوسمانی بەبیانووی مەترسی لەسەر سەروەری و دوارۆژی وڵاتەکەی، رەتیکردەوە بەدانانی سەرپەرشتیاری بیانی بۆ چاودێریکردنی بەڕێوەچوونی چاکسازییەکان، بەسەرەتایەکی ترسناکی بۆ زیادبوون و هاتنە ناوەوەی دەسەڵاتی وڵاتە زلهێزەکان بۆ ناوخۆی وڵاتەکەی زانی(الرأي العام, ع(1089), 1913: 1) ، لەکاتێکدا وڵاتە زلهێزەکان بە بەهانەی ئەنجامدانی چاکسازی ئامانجی ستراتیژیی و دوورمەودایان هەبوو، لەبەرامبەردا دەوڵەتی عوسمانی بەجەنگێکی خاچ پەرستی نوێی زانی، سەرباری ئەوەی نکۆڵی لەئەنجامدانی چاکسازییەکان نەکرد بەڵام بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ پرۆژە چاکسازییەکانیان کرد(جاهد بەك، 1913: 1).

جێگەی باسە بەبێ رەزامەندی زۆرینەی دانیشتوان کە کوردەکان بوون جێبەجێکردنی چاکسازییەکان ئاسان نەبوو، بۆیە وەك زەمینە سازیەك جێگری کونسوڵی بریتانیا لەویلایەتی وان چاوی بە سەرۆك هۆزی کوردی حەیدەرانلو (حسێن پاشا) کەوت، بۆ ئەوەی بۆچوونی دەربارەی دانانی دوو سەرپەرشتیارە ئەوروپییەکان بزانێت و هەوڵی داوە قایلی بکات، لەبەر ئەوەی هۆزی حەیدەرانلو لەسنووری ویلایەتی وان بەهێزترین هۆزی کوردی بوون و نزیکەی (20)هەزار خێزانیان لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی دەریاچەی وان نیشتەجێ بوون، بەڵام وەڵامی (حسێن پاشا) بەدڵی جێگری کونسوڵ نەبووە( FO,1914). بۆیە بەفەرمانێك لەلایەن (تەلعەت پاشا) ی وەزیری ناوخۆوە رەوانەی وڵاتەکانی خۆیان کرانەوە (باڵەکیان, 2011: 308).

ئێمە پێمان وایە لەگەڵ ئەوەی فشاری وڵاتە زلهێزەکان بەتایبەتی : (بریتانیا، روسیا، فەرەنسا) بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لەویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا بەردەوام بوو، دەوڵەتی عوسمانی لەوە گەیشتبوو ئەو فشارانە تەنها بەهانەیەکە بۆ هاتنە ناوەوەیان، بۆیە لەئەڵمانیا و نەمساو مەجەر نزیکبوویەوەو توانی پشتگیریی ئەوان بەدەستبهێنێ بتوانێت فشارەکان لەسەرخۆی کەمتر بکاتەوە، بەڵام ئەوەنەبووە هۆی دوورکەوتنەوەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە وڵاتە زلهێزەکان بەڵکو لێرەوە قۆناغێکی نوێ دەستپێکرد کەخۆی لەپرچەکردنیان بینییەوە.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک لەوانە:-

یەکەم/ ئاین پێگەیەکی فراوانی لەئەجنداو سیاسەتی وڵاتە زلهێزەکان داگیرکردبوو، وەك بەهەنایەك سوودیان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتیان لەدەوڵەتی عوسمانیدا لێوەرگرت، توانیان خۆیان لەمەسیحییەکان بەهەموو تایەفەو ئاینزاکانەوە نزیکبکەنەوەو بەڵێنی هاوکاری و پاراستنیان لەهێرشی کورد و تورك و چەرکەس دانێ.

دووەم/ چەوساندنەوەی مەسیحییەکان لەلایەن موسڵمانەکانەوە ڕەواجێکی زۆری لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە پێدرا، بۆ ئەوەی بیکەنە بەهانەو بتوانن زیاتر دەست لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی وەربدەن، لەو پێناوەدا لەگەڵ یەکتری لەململانێی بەردەوامدا بوون، بەتایبەتی هەریەك لە (ڕوسیا، بریتانیا، فەڕەنسا) مەبەستیان بوو بە بەهانەی پارێزگاری لەئاینزاکەی دەسەڵاتی لەسەر حسابی بەرامبەرەکەی زیاد بکات.

سێیەم/ دەوڵەتی عوسمانی ویستی بەڕاگەیاندنی بەیانامەکانی چاکسازییەکان ڕێگری لەهاتنە ناوەوەی دەسەڵاتی وڵاتە زلهێزەکان بگرێت، بۆیە لەسەردەمی تەنزیماتدا بەیاسا لەدەستووردا ماف بەمەسیحییەکان درا، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی کۆتایهێنان بەکێشەی مەسیحییەکان و وەستانی فشاری وڵاتە زلهێزەکان بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکهو ئەوان مەبەستی سەرەکیان دابەشکردنی خاکی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان خۆیاندا بوو، بانگەشەی پارێزگاری لەمەسیحییەکان تەنها وەکو ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکان بەکارهێنرا.

چوارەم/ وڵاتە زلهێزەکان لەرێگەی سیخوڕو کونسوڵ و مسیۆنێرەکانیانەوە، بەچڕی کاریان لەسەر نانەوەی ئاژاوەو قوڵکردنەوەی کێشەکان لەنێوان کورد و مەسیحییەکاندا کرد، هانیاندان و بەستەملێکراویان لەقەڵەم دان، ئەوەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی مەسیحییەکان بیر لەدامەزراندنی وڵاتێك لەسەر خاکی کوردستانی عوسمانی لەشەش ویلایەتی : (وان، ئەرزەڕووم، بەدلیس، مەعمورەتلعەزیز، سیواس، دیاربەکر) بکەنەوە، بێ گوێدانە ئەوەی پێگەی دیمۆگرافیان بە بەراورد بەکورد زۆر کەمترە، بۆیە ئەو داواکارییە لەلایەن کوردەوە قبوڵ ناکرێت.

پێنجەم// ڕاگەیاندنی تەنزیمات هەنگاوێکی ئەرێنی بەئاراستەی پێکەوە ژیان و پێشکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی بوو، بەڵام بەهۆی دەستێوەردان و فشاری بەردەوامی وڵاتە زلهێزەکان بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی لەلایەك و ململانێی نێوان وڵاتە زلهێزەکان لەلایەکی ترەوە ڕێگری سەرەکی بوو لەوەی تەنزیمات ئامانجەکانی وەك ئەوەی بۆ ڕاگەیەندرا نەپێکێت.

## سەرچاوەکان


1: بەڵگەنامەبڵاونەکراوەکان

29. ذي الحجة 1295هـ-26-14 Y.PRK.HR-3-87-21-07.2022 .111rat.

224 58, Brith Vice Consulate Van, 14th.February 1914./ Britsh Documents on Foreign office 195. 1.

Britsh Documents on Foreign Affairs Part 1, SerB, Near and Middle East, Vol 1, 1892. 1.

British Document on Foreign A ffairs . Part 1, Ser.B, Near and Middle East, Vol .2, 1908-1914. 2.

,1989 3. BiLAL N. SiMSiR, DOCUMENTS DIPLOMATIQUES OTTOMANS AFFAIRES ARMENNES(1894-1895), VO II, ANKARA.

1. هاکان, سینان (2012)، کورد و بەرخودانەکانی 1867-1817 لەبەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا, و:بەکر شوانی,چ1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
2. باقی, محەمەد حەمە (2000)، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری 1880 لەبەڵگەنامەکانی قاجاری دا، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
3. عەبدوڵڵا، نەجاتی (2004)، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەبەڵگەنامەکانی فرەنسیدا1879-1882، چ1، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی.

1. گەڵاڵی، بەهرۆز (2011)، پەیوەندی عوسمانی کورد، چ1، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك.
2. دۆمۆن، پۆل(2008)، سەردەمی تەنزیمات1839-1878، و:نەجاتی عەبدوڵلا، چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
3. باڵەکیان، پیتەر (2011)، دیجلەی گرگرتوو، و:ڕزگاری عومەر عەلی، چ1، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
4. مەکارسی، جەستن ئەوانی تر(2013)، یاخیبوونی ئەرمەنەکان لەوان، و: سەیید عەلی بەرزنجی، چ1، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
5. جەلیل, جەلیلی (1987)، ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی 1880، و: د. کاوس قەفتان، چ1، چاپخانەی زەمان، بغداد.
6. مەدەنی، حسین (2009)، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب1، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
7. خالفین(1971)، خەبات لەرێ ی کوردستاندا، و:جەلال تەقی، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی.
8. ماکداوڵ، دیڤید(2005), مێژووی هاوچەرخی کورد، و:ئەبوبەکر خۆشناو، چ2،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
9. قرگەی، زانیار سەردار (2011)، دکتۆر کەمال مەزهەر ئاورێك لەمێژوو دەداتەوە، چ1، چاپخانەی شڤان، هەولێر.
10. میران-شارەزا، سەردار حمید - کەریم مستەفا (1986)، دیوانی حاجی قادری کۆیی، هەولێر.
11. الصلابی، علی محد (2007)، دەوڵەتی عوسمانی، و: احمد عبدالرحمن احمد- نهاد جلال حبیب الله ،چ1، دار المعرفة، بیروت.
12. عوسمان, فارس (2010), کورد و ئەرمەن پەیوەندییە مێژوویەکان، و: خالید هەرکی، چ1، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، هەولێر.
13. حاجی, کامەران محەمەد (2007)، کوردستان لەبازنەی کێشەی ڕۆژهەڵاتی 1800-1900، چ1، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
14. ئەمین، کامەران محەمەد ئەحمەد (2000)، کوردستان لەنێوان ململانێی نێو دەوڵەتی و ناوچەییدا1890-1932، چ1, چاپ و ئۆفیستی دەزگای سەردەم، سلێمانی.
15. ئەحمەد، کەمال مەزهەر (1975)، کوردستان لەساڵەکانی شەری یەکەمی جیهاندا،چ1، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغداد.
16. ڤەکۆلەران، کۆمەکا (2019)، سیاسەتا بەریتانیا ل هەمبەر کێشەیا کوردی، چ1، سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی، زاخۆ.
17. حرب، محد (2004)، سوڵتان عبدالحمیدی دووەم دوا سوڵتانە گەورەکەی عوسمانی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر، هەولێر.

18. تەقوش، محەمەد سوهەیل (2009)، عوسمانییەکان لەدامەزراندنی دەوڵەتەوە تاوەکو کودەتا بەسەر خەلافەتدا، و: نەریمان خۆشناو- مستەفا سەید مینە، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەلات هەولێر.
19. ئەمین، نەوشیروان مستەفا (2005)، کورد و عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، چ2، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
20. جوەید, وەدیع (2008)، جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەماو پەرەسەندنی، و:پ.د.یاسین سەردەشتی، چ1، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
21. سەردەشتی، یاسین (2019)، موسابەگی موتکان، سلێمانی.
22. سەردەشتی، یاسین (2020)، میرعوسمان پاشا بەدرخان دوو تەقەلا لەپێناو ژیانەوەی میرنشینی بۆتان و دامەزراندنی دەوڵەتی دەشتووریی سەربەخۆیی کوردستان، سلێمانی.

1. یاغي, اسماعيل أحمد (1998), الدولة العثمانية في التاريخ الاسلامي الحديث, ط2, مكتبة العبيكان, الرياض.
2. بيشكجي، اسماعيل(2001)، النظام في الاناضول الشرقية,ت: شكور مصطفى, ج1, ط1, مطبعة وزارة التربية, أربيل.
3. اوغلي, اكمل الدين احسان(1999), الدولة العثمانية تاريخ و حضارة, ج1, ت: صباح سعداوي, مركز الابحاث للتاريخ و الفنون والثقافة الاسلامية باستنبول, استانبول.
4. ارسلان, الامير شكيب(2001), تاريخ الدولة العثمانية, ط1, دار ابن كثير للطباعة و النشر والتوزيع, دمشق.
5. لهارت، أنكه(2017)، تاريخ الاصلاحات والتنظيمات في الدولة العثمانية, ت:محمود علي عامر, ط1, دار ومؤسسة رسلان للطباعة والنشر والتوزيع, دمشق.
6. بيلافيتش، تشارلز –بربارا(2007)، تفكيك أوروبا الالعثمانية(إنشاء دول البلقان القومية)1804-1920, ت: د.عاصم الدسوقيط1, دار العالم الثالث, القاهرة.
7. جباره, تيسير(2005), تاريخ الدولة العثمانية(12801924), ط1, عمادة البحث العلمي والدراسات العليا جامعة القدس المفتوحة, رام الله.
8. شاهين, ثريا (1997), دور الكنيسة في هدم الدولة العثمانية, ت: د. محمد حرب, ط1, دار المنارة للنشر و التوزيع, جدة.
9. لوريمر,(د.ت), دليل الخليج(القسم التاريخي), ج4, ط1, المطبعة على بن علي, الدوحة.
10. مسعود ,جمال عبدالهادي محمد و اخرون(1995), أخطاء يجب أن تصحح في التاريخ الدولة العثمانية 1299-1924,ج2, ط1, دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع, المنصورة.
11. الجندي, خالد عبدالقادر(2020), الأقليات الدينية في الدولة العثمانية, Iksad Published House، ئەنکەرا.
12. أولسون، روبرت(2013)، تاريخ الكفاح القومي الكرد(1880-1925)،ت:احمد محمود الخليل، ط1, دار الفارابي، بيروت.
13. مانتران، روبير(1993)، تاريخ الدولة العثمانية, ت:بشير السباعي, ج2, ط1, دار الفكر للدراسات و النشر والتوزيع, القاهرة.
14. بيومي, زكريا سليمان(1991), قراءة جديدة في تاريخ العثمانين(التحالف الصليبي الماسوني الاستعماري وضرب الاتجاه الاسلامي), ط1, عالم المعرفة, جدة.
15. ناجي, زيد عدنان(2015), أقليات العراق في العهد الملكي, ط1, دار الرافيدين, بيروت.
16. هريدي, صلاح احمد(2009), أوروبا(1815-1939), ط1, مكتبة بستان المعرفة, الاسكندرية.
17. علي, عثمان(2011), الحركة الكردية المعاصرة، 1833-1946, ط3, مكتبة التفسير للنشر والاعلان, أربيل.
18. عبدالقادر، عصمت برهان الدين(2006), دور النواب العرب فى مجلس المبعوثان العثماني(1908-1914م)، ط1، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
19. حسون, علي(1982), العثمانيون والروس, ط1، المكتب الاسلامي, بيروت.
20. حسون، علي (1994)،تاريخ الدولة العثمانية وعلاقتها الخارجية، ط3، المكتب الاسلامي، بيروت.
21. العزاوي, قيس جواد(2017)، الدولة العثمانية من الخلافة الى الانقلاب1908-1913, ت:عاصم عبد ربه, ط1, الهيئة العامة لشئون المطابع الاميرية, القاهرة.
22. الويبة، كامل علي محمود(2005)، الادارة العثمانية في طرابلس الغرب1(1842-1911م)، ط1- مركز جهاد الليبين للدراسات التاريخية ، طرابلس.
23. حبيب، كمال السعيد(2002)، الأقليات والسياسة في الخبرة الاسلامية من بداية الدولة النبوية حتى النهاية الدولة العثمانية (622-1908م)، ط1، مكتبة مدبولي، القاهرة.
24. الامام , محمد رفعت (2002), القضية الأرمنية في الدولة العثمانية 1878-1923, ط1, دار النور للطباعة, القاهرة.
25. الشاذلي, محمود ثابت(1989), المسألة الشرقية (1299-1923), ط1, مكتبة الوهبة, القاهرة.
26. اليافي-الموسوى, نعيم - خليل (1995), نضال الارمن و عرب ضد الاستعمار العثماني, ط1, دار الحوار للنشر و التوزيع, حلب.
27. توفيق، هوگرطاهر (2012)، الكرد و المسألة الارمنية 1877-1920, ط1, دار اراس للطباعة والنشر, أربيل.
28. أوزتونا, يلماز(2010), موسوعة تاريخ الأمبراطورية العثمانية السياسي والعسكري والحضاري1231-1922م,ت: عدنان محمد سلمان مج3, ط1، الدار العربية للموسوعات, بيروت.

1.KIRAKOSSIAN, ARMAN J (British Media Testimony), (2008 ), THE ARMENIAN MASSACAES 1894-1896. THE ARMENIAN RESEARCH CENTER University of Michigan , Dearborn.

2.BOZARSLAN,( 2021) THE CAMBRIDGE HISTORY OF THE KURDS, First Published, PRESS, CAMBERIDGE UNIVERSITY HAMIT LONDON.

3. RAMSAUR, ERNEST EDOMONDSON(1970), THE YOUNG TURKS Prelude to the Rovlution of 1908, RUSSELL, NEW YORK.

4. AGOSTON - MASTERS, GABOR AND BRUCE(2009) Encyclopedia of the Ottoman Empire, Animprint of Infobase Publishing, New York.

5.GAUNT, DAVID (2006), Massacres, Resistance,Protectors Muslim-Christian Relations in Eastern Anatolia during World War I,GORGIAS PRESS, New Jersey

6. ATAOV, TURKKAYA(2002) THE THE TURKISH HISTORICAL SOCIETY for THE COUNCIL ARMENIANS in the Late Ottoman Period, OF CULTURE, ARTS AND PUBLICATIONS OF THE GRAND NATIONAL ASSEMBLY OF TURKEY Ankara.

7. KENT,MARIAN(1984) The Great Powers and the End of the Ottoman Empire, GEORGE ALLEN & UWIN Publishers, London.

8.BLISS, REV. EDWIN MUNSELL(1896 )TURKEY AND ARMENIAN ATROCITIES, HUBBARD PUBLISHING CO, PHILADELPHIA,.

Werda, Joel Light of Asia or The Assyrian and Church,Published by the Author, London.
9. E.(1924), The Flickering
1.Antranik Celebyan,Antranik(2003) Antranik PASA, ANTRANIK CELEBYAN Ermeniceden Turkceye Ceviren,Peri YaYinlar, Istanbul.
SOYLU, KEREM( 2004) ENSTiTUA KURDi, MESAiL-I MUHiMME- I
2. KURDiSTAN(KURDiSTAN ONEMLi MESELELERi, AMED.

1. ئەحمەد، ئامانج حەسەن (2014)، پەیوەندی نێوان کورد و ئاسوورییەکان 1843-1933، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

ب:بەزمانی عەرەبی

1. بلعياي, أزهار (2019), التنظيمات العثمانية وانعكاساتها على الاقليات اليهودية والمسيحية أنموذجا خلال قرن 19, رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة بوضياف بالمسيلة, كلية العلوم الانسانية والاجتماعية.
2. بوقار, فتيحة - أوبختة, أمينة(2017), المسألة الارمنية في الدولة العثمانية, رسالة ماجستير غير منشورة, كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة جيلالي بونعامة "خميس مليانة".
3. السعدي, محمد داخل كريم(1999), المصالح الاجنبية في الموصل 1834-1914, رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب, جامعة الموصل.
4. بلعابد, رابعة(2015), الأصلاحات العثمانية وأثارها على بلاد الشام(1861-1880), رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الأنسانية و الاجتماعية ، جامعة أدرا-الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.
5. تومي, حمزة(2016) ، الأصلاحات العثمانية بين المتطلبات الداخلية والضغوط الأوربية (1792م-1924م)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة بوضياف-المسيلة، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية .
6. الصافي ، حامد فليح ناصر(2015) , بريطانيا و والسألة الأرمنية 1895-1923 الاطروحة الدكتوراه غير منشورة، كلية الاداب، جامعة ذي قار.
7. فرحان, عدنان زيان(2009), السياسة البريطانية تجاه الأقليات الدينية في العراق 1914-1941, رسالة ماجستير غير منشورة, كلية الاداب، جامعة دهوك.
8. السلطاني, علي طالب عبيد(2015), نساطرة كردستان دراسة في أوضاعهم الاجتماعية والاقتصادية1839-1918, (الاطروحه الدكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة القادسية.
9. الضبع ، علي ثابت صبري السيد(2012), بريطانيا وقضية الأرمن في الدولة العثمانية 1878- 1896, رسالة ماجستير غير منشورة, كلية الاداب, جامعة الاسكندرية.
10. شهاب ، مروة فوزي(2017), روسيا والقضية الأرمنية في الدولة العثمانية 1897-1923،الاطروحة الدكتوراه غير منشورة, كلية البنات للأداب، جامعة عين شمس.

1. عمر, يوسف حسين(2016), جلادستون والمسألة الأرمنية(1894-1896), مجلة المنارة,ع(4), مج(22).
2. جبر, رسوا شمخي(2010), الازمة الارمنية وموقف بريطانيا(1876-1897م), مجلة الاداب البصرة. ع(54),مج(1).
3. كوثراني, وجيه(2013), التنظيمات العثمانية و الدستور بواكير الفكر الدستوري نصا و تطبيقا و مفهوما, مجلة تبين, ع(3).
4. الادهمي, محمد مظهر(1977), الحركة البرلمانية العثمانية في العراق, مجلة أفاق العربية, ع(6).
5. الشمري , أحمد جاسم أبراهيم - الياسري , أ.م.د.يونس عباس نعمة(2020), القضية الارمنية في الدولة العثمانية(1878-1923), مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية, ع(1), مج(10).
6. سجادي , علاء الدين(2003), ثورات البدرخانيين, و: هيمەت کاکەیی، مجلة گولان العربي, ع(73).

Siyamend( 1989) , Kurdissh Nationalism Instigators and Historical Influences, ARMENIAN REVIEW, 1. Othman, SORING, Vol 42, Number 1 /165 .

1. الولايات الشرقية-سياسة الارهاب- عهد التقسيم, جريدة الرأي العام/ بيروت, ع(1089), الثلاثاء(2/ديسمبر/1913).
2. حسين جاهد بك، حرب صليبيه سياسيه تشهر على الدوله العليه تحت ستار الاصلاح, جريدة الشعب/ القاهره, ع (553), الاربعاء(13/ديسمبر/1913).